دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٣٢، چوارشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com


### پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی جێژنی قوربان

پیرۆز بێ جێژنی قوربان، جێژنی موسوڵمانانی جیهان

بە بۆنەی جێژنی قوربان، جێژنی موسوڵمانانی جیهان پیرۆزبایی لە بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای خەبات بۆ ئازادیی وڵات، بەتایبەت خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم، کە لە ماوەی نزیک بە چل ساڵ تەمەنی پڕ لە شۆڕەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەردەوام بوون لە خەبات بۆ ڕزگاری لە چنگ ئەو ڕێژیمە و بۆ گەیشتن بە مافەکانیان قوربانیان داوە.

سەرفراز بن و جێژنتان پڕ لە خۆشی و سەرکەوتن بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتی

مستەفا هیجری



پەیامی مستەفا هیجری بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە

٤



بۆچی لە مردن دەمانترسێنن؟

٦



کوردیکا، شاپەیڤی ڕەوتی فەرهەنگنووسی

٨



وتووێژی تیشک لەگەڵ مستەفا هیجری

١٠

# ٧٣ ساڵ خەبات و خۆڕاگری



سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژ، لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٧٣هەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان "مستەفا هیجری"، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٧٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامێکی پێشکەش کرد.

هیجری لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: "حیزبی دێموکرات ئەو حیزبەیە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە وەك حیزبی گروپ، چین یان توێژێکی دیاریکراو نەهاتووەتە گۆڕەپانی خەباتی خۆرهەڵاتەوە. لەهەمانکاتدا ئەم حیزبە تەنیا موڵکی ئەندام و لایەنگرانی نییە، بەڵکوو بووەتە موڵکی هەموو خۆرهەڵاتییەکان؛ پێش ئەوەی حیزبی دێموکرات لەدایك بێ، پێش ئەوەی وەك حیزبێك پاڵپشت و کۆڵەکەی سەرەکی کۆماری کوردستان بێ، حیزبی دێموکرات دەرهاویشتە و دەرەنجامی گۆڕانێکی بونیادی بووە لە پێناسەکردنی کوردبوون و کوردستانیبوون. ئەو گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی بڕیار دەدات کە خۆی ئاودیوی جیهانێکیتر لە کوردبوون بکات.".

ناوبراو باسی لەوەش کرد: " بە پێی گۆڕانەکان حیزبی دێموکراتیش لە شێوازی جیاواز بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەی کورد کەڵکی وەرگرتووە بەڵام ئەوەی لای حیزبی دێموکرات نەگۆڕە: ماف، ناسنامە، خاك، وڵات، یەکسانی و کەرامەتی کورد و کوردستانییانە ".

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا ڕێزدار هیجری ئاوڕی لە ڕاسانی خۆرهەڵات دایەوە و وتی: " لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا حیزبی دێموکرات بە سەر مێژوودا باز نادات، بەڵکوو مێژو و ئێستا بە تەواوکەری یەك دەزانێ. چونکە فەلسەفەی وجودی حیزبی دێموکرات تەواوکارییە. بەو مانایە کە هەر وەك چۆن بە هاتنی حیزبی دێموکرات خەباتی ڕزگاریخوازی کورد توانی دەربازی سەردەمی مودێڕن بێ، بەهەمان شێوەش ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەك سەردەمێك دەبینێ، بۆ پەڕینەوە بۆ قۆناغێکیتر".

سەبارەت بە قۆناغی تازەی خەباتی حیزبەکەشمان ڕوو لە "شار" ڕایانگەیاند: " شارە خۆشەویست و نامورادەکانی کوردستانم، ئێوە ئەو دەریا لە بن نەهاتووەن کە شەپۆلەکانتان دوژمن توقێنە و سەرکەوتن بۆ ئێوەیە، ماسییەکانی شاخ گەرم لە ئامێز بگرن ئەوان لە نێو شەپۆلەکانی ئێوەدان، هێزیان پێ ببەخشن و هێزیان لێ وەرگرن. با شەپۆلەکانتان هەروا پڕخرۆش، هیواتان بەرز و لەشکان نەهاتوو بێ".

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیاندا ڕوو لە فریوخواردووانی دەستی دوژمن ڕایانگەیاند: " کاتی ئەوە هاتووە تف بکەن لە ژیانی سەرشۆڕانە و بگەڕێنەوە باوەشی گەل و نیشتمانەکەیان. نۆکەری کردن بۆ دوژمنی گەل بەسە، ئەو ڕێژیمە وەفای بۆ وەفادارترین یاران و باوەڕمەندانی خۆشی نییە، بیر لە دوارۆژێکی نزیک بکەنەوە کە تەمەنی پڕ لە نیکبەتی ئەو ڕێژیمە کۆتایی دێ و ئەوان دەمێننەوە و خەڵکێک کە لە لایەن ئەوانەوە یان بە چاوساخی ئەوان بێحورمەتییان پێکراوە، ماڵیان داگیر و تاڵان کراوە یان خۆشەویستەکانیان کوژراون یان زیندانی کراون. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کارێک بکەن لەو ڕۆژەدا بتوانن چاو لە چاوی ئەو خەڵکە زوڵملێکراوە بکەن و لەگەڵیان بژین، ئەو دەرفەتە لە دەست مەدەن".

پاشان سروودێک لەژێر ناوی "من گەلاوێژم"، لە لایەن گرووپی نەوەکانی قاسملوو پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیکەرەیەک لە "هێمای ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران" ڕوونوێنی کرا، کە ئەم پەیکەرەیە لە لایەن مامۆستا "ئارام" پەیکەرتاشی بەناوبانگی شاری سلێمانی دروست کرابوو.

ئەو پەیکەرەی کە هێمای ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بوو، لە لایەن بەڕێزان مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، خاتوو پەیمان قلیج هاوسەری شەهید شەهاب حەیدەری و مامۆستا ئارام پەردەی لەسەر لادرا.

دواتر مامۆستا ئارامی پەیکەرتاش لە بارەی ئەم پەیکەرەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو باسی لەوە کرد، ئەم پەیکەرە هێمای ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە کە بە ڕۆژانە و هەفتانە خەڵکی بێدەسەڵات و ئازادیخوازی ئێران لە سێدارە دەدات.

دواتر پەیامی یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن "جەماڵ فەتحی" ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی خوێندکارانەوە پێشکەش کرا.

دوابڕگەی بەرنامەکە سروودێکی شۆڕشگێڕانە بوو، کە لە لایەن هونەرمەندان "غوڵام فاتحی و بڕوا دڵزار"ەوە پێشکەش کرا.

هەر بەم بۆنەوە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژ، لە کەمپی جێژنیکان ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد، پاشان کەریم پەرویزی ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات، بەم بۆنەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە پیرۆزە لە کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و هەموو بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی، باسی لە هۆکارەکانی گرینگیی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتدا کرد و بە حیزبی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ناوبرد، کە خەباتەکەشی لە ڕاستای دابینکردنی ژیانێکی بەختیار بۆ هەموو کۆمەڵگا بەبێ جیاوازییە.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا، ئاماژەی بە خەباتی ٧٣ ساڵەی حیزبی دێموکراتدا کرد و وتی: "حیزبی دێموکرات بە پانتایی و قووڵایی هەموو کوردستانە و تەنیا حیزبێکی وا دەتوانێت لە ٧٣ ساڵ خەبات خیانەتی تێدا نەبێت".

هەروەها باسی لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات ناسراو بە "ڕاسان" کرد و لەو پێوەندییەدا وتی: "حیزبی دێموکرات مێژوو دووپات ناکاتەوە و فڕیشی نادات، بەڵکوو لەسەر ئەساسی مێژوو، مێژوو دەنووسێتەوە، ڕاسان لەسەر هەمان ڕەوت بونیات نراوە و خەباتی شاخ و شاری لێك گرێ داوە، هەتاکوو هەموو چین و توێژەکان پێکەوە سەرلەنوێ نیشتمان دروست بکەنەوە".

بڕگەی دواتری ئەم ڕێوڕەسمە شێعرێک بوو لەژێر ناوی "ناسنامە" کە لە لایەن شاعێری پێشمەرگە "بێبەش پیرۆتی"ـیەوە پێشکەش کرا.

پاشان غوڵام فاتحی سروودێکی لەژێر ناوی "ڕاسان" پێشکەش کرد.

دواتر پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان و لاوان و خوێندکاران، لە لایەن زەکییە سدقی خوێندرایەوە.

کۆتایی ڕێوڕەسمەکە سروودێک بوو لەژێر ناونیشانی "پێشمەرگە تۆ سەنگەری" لە لایەن نەونەمامانی هێزی ١٢٩ـەوە پێشکەش کرا.

یادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵاتیش بە شکۆیەکی بەرچاو ڕێزی لیگیرا و ئەندامان و لایەنگران و خەڵکی کوردستان بە ئەنجامدانی چالاکی تەبلیغی، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بەرزاییەکان، کردنەوەی ئاگری گەلاوێژ و بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی وێڕای پیرۆزبایی لە تێکۆشەرانی دێموکرات بەڵێنیان لەگەڵ حیزب و ئارمانەکانی نوێ کردەوە.

هەر بەم بۆنەوە وێڕای بەڕێوەبردنی جێژن لە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکا، ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سلێمانی، سێمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٧٣ی ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، بە بەشداریی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو کە تێیدا هەر کام لە بەڕێزان "تەیموور مستەفایی"، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، "عەلی شەمدین"، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە، دوکتور "کەیوان ئازاد ئەنوەر"، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕی مێژوو، لە چەند ڕەهەندی جیاجیاوە باسیان لە پێگە و نەخش و دەوری عیزبی دێموکرات لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا کرد.

**خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی تەواوی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٧٣ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لەم ژمارەی کوردستان دا دەخەینە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.**

## پەیڤ

### قوتابخانەی ئازادی

**کەریم پەرویزی**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٧٣ ساڵە خەبات دەکا و لەم زیاتر لە حەوت دەیەدا، زۆر چەمکی داهێناوە و زۆر چەمکی گۆڕیوە و بووەتە هۆی ئەوەیش هەندێ چەمکی ماوەبەسەرچوو ئیدی لە کۆمەڵگادا نەمێنن و فەرامۆش بکرێن. لەگەڵ کاریگەریدانان لەسەر چەمکەکان، کاریگەریی قووڵی لەسەر ژیانی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات و چین و توێژەکانی و تاکەکان و گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیش داناوە.

لەسەر مێژوو و کار و تێکۆشان و هەڵە و کەموکوورییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەکوو کاریگەرترین و خاوەن ڕابردووترین حیزب لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا، زۆر وتراوە و زۆر نووسراوە و هەموو ئەو وتراو و نووسراوانە پێم وانیە بگاتە ڕادەی یەک لە دەیان هەزاری کار و تێکۆشانی ئەو حیزبە، چوونکە مێژوو و تێکۆشانی وەها حیزبێک، تەنیا چەند ڕووداوێک لە چەند بڕگەیەکی جیاوازدا نیە.

ئەوەی لە مێژووی وەها حیزبێکدا ڕوویان داوە، خەبات و تێکۆشانی هەزاران وسەدان هەزار ئەندامە کە هەرکامەیان ژیانی تایبەت و مێژووی تایبەت و داستانی تایبەت بە خۆیان هەیە کە گەر ئەدەبیاتی زارەکی و دۆخی خەبات دەرەتانی بدایە، دەیان هەزار حەماسە و چیرۆکی ئاواتەخوازیی ژیانی ئازاد و گیانبازی بۆ ئاوات و ئامانجەکان دەنووسرانەوە.

قوتابخانەی حیزبی دێموکرات، لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە تاکوو ئێستا و بەرەو داهاتووش، جیا لە هەموو وانە و بارهێنان و پەروەردەکردنەکان و تۆمارکردنی هەموو حەماسە مێژوویی و نەتەوەییەکان، لایەنێکی گرنگی هەیە بە ناوی ئازادیی تاکەکان و ژیانی سەربەت و سەرفرازانەی تاکێک ئینسانی کە پێناسەیەکی سەربەرزانەی دەداتێ و لە هەموو شوێنێک بە سەرفرازیەوە دەڵێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو قوتابخانەیەدا وانەم وەرگرتوە و بارهاتووم.

قوتابخانەی ئازادی، تاکەکانی کوردستان فێر دەکا کە بیر بکەنەوە، فێریان دەکا کە دەروونیان و ڕەوانیان لە ڕایەڵە کۆنەکان و گرێ نالەبارەکان ڕزگار بکەن و چاویان بکەنەوە بەرەوڕووی دونیایەکی دیکەدا.

لە قوتابخانەی ئازدایدا، ڕێنێسانی هزری و ڕوانگەیی دەست پێ دەکا و تاکی وشیار، بەڵام ئامادەی خۆبەختکردن و بە ڕۆحی خۆنەویستی و نیشتمانپەروەری و خەڵک ویستی بار دێن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەموو تاکێک هەر کە هاتە نێو ئەم قوتابخانەیە ڕێک وەها دەردەچێ کە ئامانجی قوتابخانەکەیە. بەدڵنیاییەوە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی هاوخەمیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک سەعید کوێستانی

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک سەعید کوێستانی، پەیامێکی هاوخەمی بڵاو کردوە.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
خەبەری ناخۆشی کۆچی دوایی هاوڕێمان کاک سەعید کوێستانیم بیست و دڵگران بووم، هەرچەند من دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەردەوام خەبەری شەهیدبوونی سەربەرزانەی پێشمەرگە خۆشەویست و بە وەرەکانی حیزبەکەمان لە بەربەرەکانێیەکی قارەمانانەی سەختدا کە بۆ ئازادی گەلەکەیان گیان دەبەخشن دەبیستم، کە زۆر پڕ ئێش و ئازارن. مەرگی هاوڕێیەکی دێرینی ڕێبازی دێموکرات وەک کاک سەعیدیش بۆ من ئازاری خۆی هەیە.
ناسیاریی من لەگەڵ کاک سەعید لە ڕۆژانی ژیانم لە شاری نەغەدە دەست پێ دەکات، ئەو کاتانەی کاک سەعید ڕۆژانە لە دووکانە چکۆلە وێنەگرییەکەی کاری دەکرد، بە ڕواڵەت ئەوەندە ئارام و لەسەرخۆ بوو کە بۆ کەسێکی کە نەیانسیبا نەیدەزانی لە ژێر ئەو ڕواڵەتە ئارامە و لە دەروونیدا چۆن هەستی نیشتمانپەروەری ئازادی نەتەوەکەی شەپۆل دەدات، قسەکانی کە ئیلهامی ئەو شەپۆلانە بوون کاری تێ دەکردی، باسی ئەشکەنجە و زیندانیبوونی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەوی، دەرد و مەینەتییەکانی لە ئاوارەیی بە هۆی خەباتکردنی لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا و نەبوونی و دەستکورتی لە هەمان کاتدا، هیوادار و بە ورە هەموو شایانی لێ فێربوون بوو.
هەر ئەو هیوا و ورە بەرزییەی بوو بە هۆی ئەوەی دوای کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی پەهلەوی لە درێژەدانی ڕێگاکەی خۆی، لە ڕێگای حیزبی دێموکراتدا بەردەوام بوو، لە ئاکامدا جارێکی دیکە ئاوارە و دووریی لە نیشتمانی لێ کەوتەوە، بەڵام لە هەموو زیندان و سەختی خەبات و لە هەموو ئەو ڕووداو و کۆسپانە کە هاتنە سەر ڕێگای خۆی و حیزبەکەی، بۆ یەکجاریش گومانی تێدا پێك نەهات و لە ڕێبازی دێموکرات لای نەدا. لە دەستدانی ئەو هاوڕێیانە زۆر سەختە، بەڵام ئەوانە بەهای ئازادین.
بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو هاوڕێ و هاوخەباتەمان سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەی و دۆست و هاوڕێیانی دەکەم و هیوادارم کە ئاواتی کاک سەعید و هەزاران ڕۆڵەی کورد کە بۆ ئازادی گیانی خۆیان بەخت کردووە بە زووی بێتە دی، ڕۆحی شادبێت.



# ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییەی هێزی پێشمەرگە



لە درێژەی کاروچالاکی و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی ئاڵوگۆڕی شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکەی ناوچە شاخاوییەکانی کێلەشینی شنۆ، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی گەلاوێژ، کاتژمێر ١ی سەرلەبەیانی بەهۆی ڕاپۆرتی جاش و سیخوڕ و جاسووسەکانەوە، لە سێ لاوە دەکەونە کەمینی هێزێکی زۆری جاشە خۆفرۆشەکان و سپای پاسدارانەوە و لە هەموو لایەک ئاگرباران دەکرێن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هاوکات مۆڵگەکانی ڕێژیم لە دوورەوە و هەروەها تۆپخانەیەکی بەرفراوان لە هەموو لایەکەوە شوێنی هاتوچۆی پێشمەرگەکان ئاگرباران دەکەن و شەڕێکی قورسی نابەرامبەر دەست پێ دەکات.
ڕۆڵە ئازا و گیان لەسەر دەستەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر بە خێرایی بەرەنگاری هێزی زۆری پۆشتە و پەرداختی ڕێژیم دەبنەوە. شەڕ تا دێت گەرمتر و بەرفراوانتر دەبێت بە جۆرێک کە پاش هاتنەدەستی ئازایانەی پێشمەرگە و شەڕێکی فیداکارانە و خوێناوی،هێزی دوژمن لە قۆڵێکەوە پاشەکشەی پێ دەکرێ و مەیدانی هەڵسووڕانی پێشمەرگە بەرفراوانتر دەبێ بە شێوەیەک کە پێشمەرگەکان بەسەر دوژمندا زاڵ دەبن و ڕێگای هەڵسووڕانی خۆیان مسۆگەر دەکەن. ئەو شەڕە تا نیزیک کاتژمێر ٦ی بەیانی درێژەی کێشاوە و خەسارەتێکی گیانیی بەرچاو بەر دوژمن دەکەوێت، بە پێی زانیارییەکان ڕێژیم ١٢ کوژراو و ٨ برینداری لەو شەڕەدا هەبووە. دوژمن دەسبەجێ بۆ داپۆشینی خەسارەتی خۆی بە ماشینی داپۆشراو و هێلی کۆپتێر، کوژراو و بریندارەکانی بۆ ورمێ گواستووەتەوە. لەو شەڕە نابەرامبەر و خوێناوییەدا بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە ٤ پێشمەرگەی گیانفیدا بە ناوەکانی: عەبدولسەلام عەبدی، سلێمان محەممەدزادە، عەبدولواحید سوهرابی و ئیسماعیل ئێران مەنش، گیانی ئازیزیان بەخت دەکەن و پەیوەستی کاروانی شەهیدانی کوردستان دەبن، کە سێ کەس لەو هاوڕێیانە بریندار بوون و بە هۆی نەبوونی دەرەتانی گواستنەوە و قورسیی برینەکانیان بە نارنجۆکی دەستی گیانی خۆیان فیدای نیشتمان کرد و دوو پێشمەرگەی ئازا و گیانفیدای شاریش لەو شەڕەدا بە ناوەکانی: عوسمان ڕەحمانی و مێهران تەهاپوور، وێڕای چوار هاوڕێکەی تر چوونە ریزی کاروانی شەهیدان و هەروەها دوو پێشمەرگەی تریش بریندار بوون. باقیی پێشمەرگەکان پاش ماڵاوایی لە شەهیدان سوێندی وەفادارییان بۆ دووپات کردنەوە و درێژەیان بە مەئمووریەتی خۆیان دا.
هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرەتای دەست پێکردنی ڕاسان بەتایبەت لە بەهاری ئەمساڵدا بەردەوام لە ناوخۆی کوردستان لە شار و گوندەکانی ئەرکی خۆی بەڕێوەبرد و لە ئەگەری پەلاماری دوژمن پلانی بەرگریی هەڵبژاردووە بەو حاڵەش زەربەی کاریگەری لە هێزەکانی دژی گەلی داوە.
ئێمە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی تاوانی ئەم بێ پرەنسیپییەی خۆی دەداتەوە و بێ وەڵام نامێنێ، هەروەک لە شاخەکانی سیاکێو و بانە و نەغەدە و پیرانشار و هەورامان و ... سەلماندیان کە ڕۆڵەی بەجەرگ و شۆڕشگێڕ لە مەیدانی کوردستانن.
لە لایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی ئەو شەهیدانە دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین و بەڵێن تازە دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان درێژەدەری ڕێگایان دەبین.
ڕۆحیان شاد بێت

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

# لێپرسراوی گشتیی حیزب لەگەڵ منداڵانی نێو شۆڕش کۆبوویەوە




بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ منداڵانی نێو شۆڕش و لاوانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات کۆ بوویەوە.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی بە بەشداری زۆربەی لاوانی سەر بە بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕێزدار "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخست.
لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەشێک لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، ناوەندی سیاسی، کادرەکانی سەر بە دەزگای ڕێکخستن، زۆربەی لاوانی سەر بە بنەماڵەکان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەشدار بوون، لێپرسراوی گشتیی حیزب گرینگترین پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە دۆخی ئێستای ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات و بەردەوامی حەرەکەتی ڕاسان و فرەڕەهەند بوونی خەبات، حزووری فەعال و بەرچاوی پێشمەرگە لە ناوخۆی کوردستان، ئەرک و تێکۆشانی لاوان لەم بڕگە حەساس و مێژووییەی خەباتی گەلەکەماندا خستە بەر باس.
هیجری بە وردی ئاماژەی بە ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسییەکانی ئێستای ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستانی بۆ ئامادەبووان کرد. هەروەها دۆخی قەیراناوی ئابووریی ئێران، بەردەوامی و بەرفراوانتربوونی حەرەکەتی ناڕەزایەتی خەڵکی بێزراو لە ڕێژیم و سیاسەت و گەمارۆکانی ئەم دواییانەی ئامریکا بۆ سەر ڕێژیمی ئێران، باندۆری ئەم دۆخە نوێیە بۆ سەر تەڤگەری ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە شرۆڤە کرد.
ناوبراو لەو کۆبوونەوەیەدا باسی لەوە کرد کە لە ئاکامی کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام و سەپاندنی قۆناغ بە قۆناغی گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران، لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگی ڕابردوودا، بەهای دراوی ئێرانی سەدا پەنجا داشکاوە. وتیشی بە وتەی وەزیری کاری ئێران ئەگەری ئەوە لە ئارادایە بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە زیاتر لە یەك میلیۆن کەسی دیکە بێکار ببن.
بەسێکی دیکە لە وتەکانی بەڕێز هیجری بەم چەشنە بووە: بێکاری و فەقر و هەژاری بە شێوەی بەرچاو و بێ وێنە لە ئێراندا پەرەی سەندووە. هەر بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم لەم دۆخە نالەباری ئابووریدا زیاتر لە ٩ میلیارد دۆلار لە پارەی حکوومەت دزراوە و دیار نەماوە. خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتووەتەوە، ڕێژیم لەگەڵ قەیرانی مەشرووعییەت بەرەوڕوو بووە. سەرەڕای دروشمە قەبەکانی ڕێژیم، بەڵام ئەم نیزامە ناتوانێ چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا بکات. لە وەها دۆخێکدا ڕێژیم ناچارە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی مەرجەکانی ئامریکا قبووڵ بکات و مل بۆ وتوویژ ڕابکێشێت. لە هەر حاڵەتێکدا ئێران ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش گەمارۆکان و ئەساسەن توانای وڵامدانەوەی بە ویست و داواکارییەکانی خەڵك نییە و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ئاستی گشتی وڵاتدا بەردەوام پەرە دەستێنن بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو فاکتەرانە، سەرەتای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردووە. ئێران و لە چوارچێوەی ئێرانیشدا خۆرهەڵاتی کوردستان بە بڕگەیەکی حەساس و مێژووییدا تێدەپەرن.
لە وەها دۆخێکدا پێویستە خۆرهەڵاتی کوردستان ببێتە هێزێکی شوێندانەر تا بتوانێ لە داهاتووی سیاسی ئێراندا خاوەن پێگە و کاریگەری خۆی بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەرکێکی قورسی هەڵگرتووە و پێویستی بە هاوکاری و خەباتێکی هەمەلایانە هەیە. ڕاسانی خۆرهەڵات کە بە لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ دەستی پێکردووە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئاسۆیەکی ڕوونتر و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەمەڕ گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان دروست کردووە. شار وەک چەقی خەبات پێشمەرگەی لە ئامێز گرتووە، شار و شاخ وەک دوو کۆڵەکەی گرینگی خەبات یەکیان گرتووە و تێدەکۆشن بۆ سەربەستی و ڕزگاری نیشتمان. پەیوەستبوونی سەدان لاوی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بە ریزەکانی پێشمەرگە، بەرهەمی بەردەوامی حەرەکەتی ڕاسانە.
لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، ئاماژەی بە ئەرکی لاوان بە گشتی و لاوانی سەر بە بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی لە دۆخی ئێستای خەباتدا کرد و وتی: "کۆمەڵگای خۆرهەڵات چاوەڕوانیی زیاتری لە ئێوە هەیە، ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی دەچنە پێش و ئاسۆی خەبات و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان لە هەموو کات ڕوونتر و نزیکترە. گەلی کورد لە قۆناغێکی دیرۆکی لە خەباتی خۆیدایە. بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی و ڕزگاربوون لە ئاوارەیی، پێویستە چالاکتر لە هەموو کاتێک هاوکار و یارمەتیدەری حیزبی دێموکرات و ئەم شۆڕشە نوێیە بن. ئێوە لاوەکان وەك نەسڵی نوێ و خاوەن ئیرادە و پۆتانسیەلێکی بەرزی نەتەوەیی و ئازادیخوازی، لە بەردەم ئەم ئاڵوگۆڕە مێژووییانەدا قەرارتان گرتووە، دەبێ بەوپەڕی هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنەوە بێن و ئەرك وەئەستۆ بگرن و تێبکۆشن. لاوەکان پێویستە بە گرینگییەوە بڕواننە پڕۆسەی خوێندن و خۆپەروەردە کردن و ئاستی هوشیاری و ڕۆشەنبیری خۆیان ببەنە سەرێ. ئێوە داهاتووی گەلەکەمانن و دەبێ بە شێوەی کرداری و بەردەوام لە ڕاپەراندنی کار و ئەرکی حیزبیدا تێبکۆشن. حیزبی دێموکرات بە گرینگییەوە دەڕوانێتە ئێوە و دەرفەتی لەبار بۆ پەروەردەکردن و پێئەسپاردنی ئەرکی حیزبی لە ئۆرگانەکاندا بەپێی شارەزایی و توانای کاری بۆتان دەڕەخسێنێت.
لە کۆتاییدا، لاوانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکەدا ڕاوبۆچوونی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ باسی پێشکەشکراودا خستەڕوو و لە لایەن لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە وڵامی سەرنج و پێشنیار و ڕەخنەکانیان درایەوە.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، دوایین دۆخی سیاسیی کوردستان و ئێرانیان، لە دانیشتنێکدا تاوتوێ کرد و لەسەر چەندین خاڵی سیاسی بڕیاریان دا.
ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە بارەگای ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم لایەنە پێکهێنەرەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هەشتەمین کۆبوونەوەی ئەو ناوەندە بەڕێوە چوو.
لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا، سەید "کامیل نورانی فەرد"، بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. دواتر لە لایەن نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانەوە، کاری ئەو ماوەیەی ناوەند خرایە بەرباس و لە پێداچوونەوە بە کارەکان خەت و بەرنامەی کاری داهاتوویان دیاری کرد و چەند خاڵێک بۆ باشترکردنی کارەکان پەسەند کران.
لە بڕگەیەکی دیکەی دەستووری کاری کۆبوونەوەدا، بۆنە و پێشهاتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڤی ئێران و کوردستان خرایە بەرباس و لەم بەشەدا لایەنەکان بە وردی بابەتی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی ئێران، دۆخی قەیراناویی ئابووریی ئێران، سیاسەتی ئامریکا لە ئاست ڕێژیمی ئێران، کاریگەرییەکانی ئەو دۆخە نوێیە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیان هەڵسەنگاند.
لەو کۆبوونەوەیەدا بە پشبەستن بە گوتاری ڕووخان کە گوتاری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانە، لەسەر نەمان و ڕۆیشتنی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێداگریی کرایەوە و هەموو پرۆژە و بەرنامە و بەدیلسازییەکانی تر بۆ ئەو گوتارە چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆدا ڕەت کرانەوە و پشتیوانی لە ویستی گۆڕانی بنەڕەتی و هاوخەباتی لەگەڵ ناڕازییان و خۆپیشاندەرانی سەرتاسەری ئێران بە ئەرکی ناوەندی هاوکاریی زانرا.
لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیدا پرۆژەی کۆدار و پەژاک کە لە ماوەی پێشوو بڵاویان کردەوە، بە پرۆژەیەکی ناواقعی و ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی جووڵانەوەی گەلی کورد و هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران خوێندنەوەی بۆ کرا.
هەر لەو پێوەندەدا بە خوێندنەوەی دروستی دۆخ و هەلومەرجی کوردستان شرۆڤەی ئەرک و بەرنامەی کاریی کوردستان و جووڵانەوەکەی کرا و ئامادەیی و یەکڕیزیی جووڵانەوەی گەلەکەمان وەبیر هێندرایەوە.
لە درێژەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و قسەکردن لەسەر کارەکانی داهاتووی ناوەند، ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ کە ساڵڕۆژی دەرکردنی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کوردە، وەک ڕۆژی خۆڕاگریی نەتەوەیی و یەکێک لە لاپەڕە پڕشەرمەزارییەکانی دیکتاتۆریەتی تاران و پڕسەروەرییەکانی مێژووی خۆڕاگریی گەلەکەمان پێداگری لەسەر کرایەوە و هێندێک بەرنامە بۆ یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە خرایە دەستووری کاری داهاتووی ناوەندی هاوکارییەوە.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین تەوەر و باسی گرینگ و جێی بایەخی لایەنەکان قسەی لەسەر کرا و پێداگری لەسەر ئەسڵی پێکەوە کارکردن و لێکتێگەیشتن و سازانی گشتی کرایەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران به بۆنەی فەرمانی جیهادی خومەینی



بە بۆنـەی ۲۸ی گەلاوێـژ، سـاڵڕۆژی فەرمانـی جیهـادی خومەینـی دژی نەتـەوەی کـورد، ناوەنـدی هاوکاریـی حیزبەکانـی کوردسـتانی ئێـران، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

لـە یـادی ۳۹سـاڵەی فەرمانـی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان

خەڵکـی مافخـواز و خۆڕاگریـی کوردستان!

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

۳۹سـاڵ لەوەپێـش و لـە وەهـا وەرزێکـدا، حکوومەتـی تـازە بەدەسەڵاتگەیشـتووی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، بـە نوێنەرایەتیـی بیرۆکـەی بناژۆخوازیـی مەزهەبـی، کـە دەیەویسـت وەک هاوتـا داعشـەکانی ئـەم سـاڵانەی دوایی خۆی پێناسە بکات، لە ڕۆژی ۲۸ی گەلاوێژی سـاڵی ۱۳۵۸دا، بە بیانووگەلێکی بەدوور لـە ڕاسـتی و بێبنەمـا، دەسـتی دایـە هێرشـێکی بەربڵاو و هەمەلایەنە بۆ سـەر خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تەنیـا ۹ مانـگ دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشـایەتی و لـە کاتێکدا کە کوردسـتان وەک دوورگـەی ئەهـوەن و سـەقامگیر وێنا دەکرا، لە تاران و لە پشـت مێحرابی مزگەوتەکان و تریبوونە جۆراوجۆرەکانەوە، دەنگۆ و بۆختان بۆ خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە مافخوازانەکەی هەڵدەبەسترا و بە ئاشـکرا بۆ کوشـتن و بڕینی خەڵکی کوردستان بانگەوازی جیهاد دەکرا.

لـە لایـەک ڕێبـەر و ئیمامـی ڕێژیمـی تـازە بەدەسەڵاتگەیشـوو (خومەینـی)، کوردەکانی وەک کافر و فاسـد پێناسـە دەکرد و فتوای جیهادی لە دژیان دەردەکرد و لە لایەکی ترەوە کاربەدەستانی دیکەی ئەم ڕێژیمە بە هاندانی هێزە سـەرکوتگەر و دەمارگرژەکان، ڕشتنی خوێنی خەڵکی کوردسـتانیان بە حەڵاڵ دەزانی و بڕیاری پاکتاوکردن و سـڕینەوەی ئەم میللەتەیان دەردەکرد.

لـەم ماوەیەدا هـاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ژیـان و گوزەرانـی خەڵک لە کوردسـتان لەژێـر کۆنترۆڵـی هێـزە سیاسـییەکان کوردسـتان و هێـزی پێشـمەرگەدا ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە گەشانەوە و پێشکەوتن هەنـگاوی دەنـا، بەپێچەوانەکـەی لـە تـاران و شـوێنەکانی دیکـەی ئێران، لـە ژێـر چەپۆکـی بیـری کۆنەپەرەسـتانەی کۆمەڵێک ئاخوند و فاشیزمی مەزهەبیدا شێوی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەخێرایی بـەرەو پـاش دەگەڕایـەوە، ژنـان بەردەباران دەکـران و چارشـێوی ڕەش بەسـەریاندا دەکێشرا، تاقم و گرووپی تۆقێنەر بەناوی حیزبوڵڵا ئازادییەکانیان لە خەڵک زەوت دەکـرد، دەنگی ناڕازییان و دژبەران کپ دەکـران، مـافی کەمایەتییـە ئایینییەکان پێشـێڵ دەکران و ماڵ و سـامانیان تاڵان و ئاگـر تێبـەر دەدرا، جیابیـران دەمکـوت دەکـران، پێنووسـە ئـازا و سـەربەخۆکان دەشـکێندران و ڕۆژنامـە و گۆڤـار و بڵاوکـراوەکان یـەک لـەدوای یـەک دادەخران.

لەو کاتە کورتماوەیە، دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش، خەڵکی کوردستان سەردەمێکی نوێـی لـە ئازادژیـان و پێکەوەژیانیانـی دێموکراتیکانـەی تەجرووبـە دەکـرد. شـۆرای گونـد و شـارەکان و ئەنجوومەنە سـینفییەکان دامـەزرا بـوون و خەڵـک ئازادانـەدا خۆیـان بەڕێـوە دەبـرد. لایەنـە سیاسـی و فکرییەکان ئازادانە بیرۆکەی خۆیـان بانگەشـە دەکـرد و کرانەوەیەکـی سیاسـیی واقعـی سـەری هەڵدابـوو. ڕێـز لـە بیرورا جیاوازەکان و بـاوەڕە جۆراوجۆرە ئایینییەکان دەگیردرا و ژنان وەکوو نیوەی هێـز و وزەی کۆمەڵـگا لـە گۆڕەپانـی ئاڵوگۆڕەکانـدا لـە گەشەسـەندا بـوون. بڵاوکـراوە و چاپەمەنییـەکان ئازادانـە بیروبۆچوونـە جیاوازەکانـی کۆمەڵگایان بـڵاو دەکـردەوە و ڕێکخـراو و یەکیەتییـە جۆراوجۆرەکانـی تایبـەت بـە چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـگا بـەرەو پەرەسـەندن دەچوو؛ لە پەرەسەندا بوون.

زۆری نەخایانـد کـە بـۆ کاربەدەسـتانی ڕێژیمـی کۆنەپەرەسـتی بەدەسەڵاتگەیشـتوو ڕوون بوویـەوە، تاقـە ڕێـگای داسـەپاندنی دەسـەڵات بەسـەر وڵاتدا، دژایەتیکردنی کورد و کوردستان و لەنێوبردنی ئەو ئەزموونە ساوا و لە هەمان کاتـدا سـەرکەوتوویەی کوردسـتان بـوو. لای ئـەوان سـەرکوتکردنی کوردسـتانی ئـازاد، گرتنی دواییـن سـەنگەری ئازادی لـە ئێرانـدا بـوو. لـە ڕاسـتیدا هـۆکاری سەرەکیی ئەو هێرشە، نەک ئەو ئیدیعا و چەواشەکارییە پووچ و بێمانایانە بوون کە دەکران، بەڵکوو هەبوونی کوردسـتانێکی ئـازاد و دێموکـرات و سـکۆلار بـوو کـە بۆ دەسـەڵاتی پاوانخـوازی ناوەند قەبووڵ نەدەکـرا. هـەر بـەم بۆنـەوە، لـە ناوەنـدەوە و ڕاسـت لـە لایـەن نوێنەرانـی بیرۆکـەی ڕەشـی مەزهەبییـەوە فەرمـان دەرکرا، بۆ ئـەوەی هەمـوو هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم لـە هەمـوو شـوێنەکانی ئێرانـەوە ڕەوانەی کوردستان بکرێن.

بـەڵام جەماوەری خۆڕاگری گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانی، کە چەند مانگ پێشـتری بـە شـێوازی دێموکراتیـک و مەدەنیانـە بـە بەشدارینەکردن لـە بەنـاو ڕێفراندۆمـی! خاکەلێـوەی ۱۳۵۸دا، بـەم ڕێژیمەیـان وتبـوو نا، بڕیاریـان دا بۆ پارێـزگاری لـەو دەسـکەوت و بەهایانەی کـە دەسـتیان کەوتبـوو، لـە چوارچێوەی بەرگریـی ڕەوادا بـە هەمـوو توانـاوە لـە بەرامبـەر هێرشـی هێـز و لەشـکری سـەرکوتکەرا بوەسـتنەوە و بـۆ جارێکـی دیکـە [نا]یەکـی دیکـە بـەم نیزامـە دژەگەلییـە بڵێنـەوە. لـە ئاکامـی ئـەم بەرەنگارییـە ڕەوایەدا بەرانبەر بە هێرشـی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان کە لە ئەدەبیاتی سیاسـیی کوردسـتاندا بـە "بەرگریـی خەڵکـی کوردسـتان لـە شـەڕی سێ مانگە"دا ناسـراوە، ڕێژیم ناچار بە وتووێژ و گوێڕاگرتـن لـە نوێنەرانـی خەڵکـی کوردستان کرا.

بـەم شـێوەیە بـوو کـە کوردسـتان بـە خۆڕاگرییەکـی بێوێنـە و فیداکردنـی گیانـی سـەدان و هـەزاران ڕۆڵـەی تێکۆشـەر و خەباتـکار، خـۆی وەک یەکـەم سـەنگەری بەرەنگاری لە هەمبەر کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا وێنـا کرد و هەتـا ئێسـتایشی لەگـەڵ بێـت خەڵکـی کوردسـتان و بزووتنـەوە مافخوازەکـەی جیدیتریـن و لێبڕاوترین دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

ئەمساڵ کە ۳۹ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی فەرمانـی جیهـادی خومەینـی دژ بـە خەڵکـی کوردسـتان تێپـەڕ دەبـێ، لـە سەروبەندێکدا ڕێز لە خۆڕاگریی مێژوویی خەڵکەکەمان دەگرین، کە زۆربەی نزیک بـە تـەواوی شـوێنە جیاجیاکانـی ئێـران بەرانبـەر بـە سیاسـەتەکانی ئـەم ڕێژیمـە هـەر کامەیـان بوونەتـە کوردسـتانێک و خەڵکـی زۆربـەی شـارەکانی ئێـران دژی ئـەم دەسـەڵاتە هاوهەڵوێسـتی خەڵکـی کوردسـتانن و داوای ئاڵۆگۆڕی قووڵ و بنەڕەتی لە نیزامی سیاسیی ئەم وڵاتەدا دەکەن.

لـەدوای نزیـک بـە ٤٠ سـاڵ لـە دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە بە سەر خەڵکی ئێـران و کوردسـتاندا، هەتـا ئێسـتایش ناو و ناوەڕۆکـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران، خولقێنەر و وەبیرهێنەرەوەی تێرۆر، مەرگ، زیندان، سەرکوت و بەرەو پاشگەڕانەوەیە. بەرهەمەکانـی ئـەم نیزامە بۆ خەڵک لەم چـوار دەیـەدا بەشـی زۆری بریتیـن لـە: "هەژاری، برسییەتی، گەندەڵی، بێکاری، پەرەسەندنی مەسرەفی ماددەهۆشبەرەکان، کەمئـاوی، تـەڵاق، خۆکوشـتن و دەیـان دیـاردەی دزێـوی دیکـەی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتی". سـەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی تەنیا یەکساڵی ڕابردوو خەڵکی ئێران بەگشـتی سـەلمێنەری ئەو ڕاسـتییەیە، کـە خەڵـک بەتەواوەتی لەم ڕێژیمـە بێـزراون و خوازیـاری لاچـوون و کۆتاییهاتنی ئەم نیزامەن.

لەسـەر ئـەم شـێوە دەسـەڵاتانە پێشـتریش مێـژوو بڕیـاری خـۆی داوە، هیـچ دەسـەڵاتێکی دیکتاتـۆر و دژەگەلیـی نەیتوانیوە و ناتوانێ هەتا سەر لە بەرنانبەر ئیـرادەی خەڵکەکـەی خـۆی ڕابوەسـتێ. کۆماری ئیسـلامیش لەو قاعیدەیە بەدەر نییە. سـەروەریی بۆ ئەوانە دەمێنێتەوە کە بەرانبەری وەسـتانەوە و ئیلهامی ئازادی، سەربەسـتی و کەرامەتـی مـرۆڤ هانی دان بـۆ دوارۆژێکـی گـەش کـە تێیـدا دەسەڵاتێکی دێموکراتیک زامنی مافی هەموومان بێت.

ئێسـتا کە کۆماری کۆنەپەرەستی تێرۆر و سـێدارە ڕووبـەڕووی دەیـان قەیرانـی نێوخۆیـی، ناوچەیـی و جیهانـی بووەتەوە و کۆمەڵانـی خەڵـک لێبڕاوانەتـر لـە هەمیشـە بەرانبەری ڕاوەستاون، ئێمە هێزە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەسـتمان لـە نێـو دەسـتی یەکتـر، بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە کۆمەڵگایەکی ئـازاد و دێموکراتیـک، بـە ئیرادەیەکـی قورسـترەوە بـەرەو داهاتوویەکـی گەشـاوە یەککەوتوویـن و خـۆ ڕێـک دەخەیـن تاکوو هەنگاوەکانمان پتەوتر لە هەمیشـە بەرەوپێش بهاوێین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۹۷ی هەتاوی**

# سێمینارێک لەسەر ۲۸ی گەلاوێژ لە شاری سێلمانی بەڕێوە چوو

ناوەنـدی هاوکاریـی حیزبەکانـی کوردسـتانی ئێـران، سـێمینارێکی بـە بۆنـەی ۲۸ی گەلاوێـژ، سـاڵڕۆژی فەرمانـی جیهـادی خومەینی لە شـاری سلێمانی بەڕێوە برد.

دوانیـوەڕۆی ڕۆژی شـەممە ڕێکەوتـی ۲۷ی گەلاوێـژی ۱۳۹۷ی هەتـاوی، ناوەنـدی هاوکاریـی حیزبەکانـی کوردسـتانی ئێران، بە بۆنەی سـاڵڕۆژی ۲۸ی گەلاوێـژ، ڕۆژی دەرکردنـی فەرمانـی هێـرش بـۆ سـەر کوردسـتان، سـێمینارێکی تایبەتی لە هۆڵی ناوەندیی بـارەگای کۆمەڵـەی شـۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەڕێوە برد.



سـێمینارەکە بـە خولەکێـک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنـان لـە یـادی سـەرجەم شـەهیدانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی گەلـی کورد دەستی پێ کرد.

دواتـر "سـامان ڕیشەسـاحیب" ئەندامـی جێگـری کۆمیتـەی ناوەندیـی کۆمەڵە، پەیامـی ناوەندیـی هاوکاریی حیزبەکانی کوردسـتانی ئێرانـی بـە بۆنـەی ۲۸ی گەلاوێژەوە خوێندەوە.

پاشـان سـێمینارەکە بـە پێشکەشـکاری "فەرزیـن کەرباسـی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیـی کۆمەڵە دەسـتی پـێ کرد، کە لـە پێنـج پانێلـدا بەڕێـوە چـوو. تـەوەری پانێلەکانی سێمینارەکە بریتیبوون لە:

- هۆکارەکان و دەرەنجامەکانی ئەم هێرشە بۆ سـەر خەڵـک و شـۆڕشـی کوردسـتانی ئێـران کـە لـە لایـەن "محەمەدنەزیـف قادری" بەرپرسـی نووسـینگەی دەستەی کارگێڕیـی حیزبـی دێموکـرات، بـە نوێنەرایەتـی حیزبـی دێمۆکراتـی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.
- نەبوونی گوتـاری هاوبەشـی حیزبەکان بـۆ دروسـتکردنی بەرەیەکـی هاوبەشـی نەتەوەیی بەرامبـەر بـە ڕێژیـم، کـە ئـەم پانێلـەش لـە لایەن "هێمـن بایەزیدپوور" بە نوێنەرایەتـی کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردستانەوە پێشکەش کرا.
- ئایـا بـە لەبەرچاوگرتنـی هەلومەرجی ئەوکاتە و ئەمـڕۆی کوردسـتانی ئێـران ئەگـەری دووبارەبوونـەوەی ڕووداوی وەهـا هەیـە؟ و ڕێـکاری بەرگیـری لـە دووپاتبوونـەوەی ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە چییە؟ کە ئەم پانێلە لە لایەن "ئیسماعیل شـەرەفی" بـە نوێنەرایەتـی حیزبـی دێمۆکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا.
- چۆنییەتـی دەرکردنـی فەرمانـی جیهاد و ڕەهەندەکانی بەردەوامی پێبەخشینی، کـە لـە لایـەن "شـۆڕش حاجی"یـەوە بـە نوێنەرایەتـی سـازمانی خەباتـی کوردستانەوە پێشکەش کرا.
- شـێواز و ئامانجی بەرەنگاربوونـەوە، هەیئەتی هاوبەشـی کورد لەو سەردەمەدا و پرسـی دانوسـتان لـە ئەمـڕۆدا کـە ئـەم پانێلـەش لـە لایـەن "ساڵح شـەریفی" بـە نوێنەرایەتـی کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێرانـەوە پێشکەش کرا.

دوای پێشکەشـکردنی تـەوەر و ناوەڕۆکی هەر کام لە پانێلەکان، بەگەرمی لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازییان لێ کرا.

دوابڕگـەی سـێمینارەکە، بـۆ پرسـیار و تێبینـی و سـەرنجی بەشداربووان دەربارەی ناوەڕۆکـی هـەرکام لـە باسـەکان تەرخان کرابوو.

لەو بەشـە لە سێمینارەکەشدا بەشداربووان لـە تێبینـی و سـرنج و پرسـیارەکان باسـەکانیان دەوڵەمەندتـر کرد و هەر کام لە باسکارەکانیش پرسیارەکانی پەیوەست بـە خۆیانیـان وڵام دایـەوە و دواجـار سـێمینارەکە لە کەشـوهەوایەکی گەرم و خۆمانییانە کۆتایی پێ هات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۹۷ی هەتاوی**

# حیزبی دێموکرات بەشداری لە پرسەی کەسایەتییەکی ڕۆژئاوای کوردستان کرد



شـاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران، بەشـدارییان لە پرسـەی "محەممەدساڵح شـەمدین" کەسایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان کرد.

ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ۱۵ی گەلاوێژی ۱۳۹۷ی هەتاوی ، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سلێمانی بە سەرپەرەستیی "ڕۆستەم جەهانگیری"، بەرپرسی دەزگای چاوەدێری و بەدواداچوونی حیزبی دێموکرات، لە پرسەی "محەممەدساڵح شـەمدین"، کەسایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان و باوکی "عەلی شـەمدین"، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری پارتی پێشڤەڕۆی دێموکراتی کوردی سووریە لە هەرێمی کوردستان، بەشدارییان کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات، پرسە و سەرەخۆشی حیزبی دێموکراتیان پێ ڕاگەیاندن.

لـەو پرسـەیەدا، شـاندی حیـزب، بـە هاوڕێیەتـی "مسـتەفا ئیبراهیم"، کەسـایەتی تێکۆشـەری ڕۆژئـاوای کوردسـتان، کۆمەڵێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردی سـووریە و پارتی یەکیەتیی کوردی سـووریە لەو ڕێوڕەسـمەدا چاویان بە "حەمید دەروێش" سکرتێری پارتی پێشڤەڕۆ کەوت.

# بەشداریی شاندی حیزب لە بەخاک ئەسپاردنی هاوژینی مامۆستا هەژار



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لـە بەخـاک ئەسـپاردنی تەرمـی "مەعسـوومە ئەحمـەدی"، هاوژینـی مامۆسـتا هـەژار، شـاعێر و ئەدیبـی ناوداری کورد، بەشدارییان کرد.

ڕۆژی هەینـی ڕێکەوتـی ۱۹ی گەلاوێژی ۱۳۹۷ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری"، نوێنـەری حیزبـی دێموکـرات لـە هەولێر، لـە ڕێوڕەسـمی بەخـاک ئەسـپاردنی تەرمـی خاتـوو "مەعسـوومە ئەحمەدی"، هاوژینی مامۆسـتا هەژار موکریانی، لە شارۆچکەی "پیرمام" بەشدارییان کرد.

دوانیـوەڕۆی هەمـان ڕۆژ بـە مەبەسـتی بەشـداریی لـە پرسـەی خوالێخۆشـبوو، شـاندێکی دەسـتەی کارگێڕیـی حیزبـی دێموکـرات، بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیـف قـادری"، ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی، لە پرسـەی ناوبراو لە شـاری هەولێـر بەشـدارییان کـرد و سـەرەخۆشـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانیان بە بنەماڵەی مامۆستا هەژار ڕاگەیاند.

## درێژەی پەیف

وەکـوو هەمـوو کۆمەڵگایەکـی دیکە و هەمـوو قوتابخانـەی دیکە، قوتابیی زۆر چالاک و زۆر وریای تێدا هەڵ دەکەوێ و قوتابیـی دیکەشـی هەبووە و دەبێ کە کەمتـر هەوڵـی خۆرێکخسـتن لەگـەڵ راسان و رێنیسانی هزریدا دەدا.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، قوتابخانەی ئازدایە کە دەیەوێ تاک و گرووپ و ژن و کۆمەڵگا و نەتەوە و بیرە تـاک و گشـتەیەکان و بەگشـتی ژیـان و خەبـات و گەشـەکردن لـە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا ئـازاد و خاوەن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بار بێ.

# کۆبوونەوەی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوەچوو

لە چوارچێوەی کاروباری تەشکیلاتی حیزبدا کۆبوونەوەی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و ئۆرگانەکانی حیزب بە بەشداری بەڕێز لێپرسراوی گشتی بەڕێوە چوو کە تێیدا بەڕێزیان ڕاپۆرتێکی سیاسی سەبارەت بە دواپێشهاتەکانی کوردستان، ئێران و ناوچە خستە بەرباس؛ بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتی لە نێوەڕۆکی باسەکە لێرەدا دەقاودەق ئەم ڕاپۆرتە دەخەینە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

دەقی ڕاپۆرتەکە:

ڕاپۆرتی سیاسیی لێپرسراوی گشتی بۆ کۆبوونەوەی بەرفراوانی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و ئۆرگانەکانی حیزب

ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، لێپرسراوی گشتی حیزب لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی ناوەندی سیاسی، دەستەی کارگێڕی و بەرپرسانی کۆمەڵێک لە ئۆرگانەکانی حیزب ڕاپۆرتێکی سیاسی لەسەر دۆخی ئێران دوای کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی کە بە ( بەرجام) ناسراوە، شپرزەیی ئابووری، بەردەوامی نارەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵک کە بە چڕی لە زستانی ساڵی ڕابردووەوە لە شار و شارۆچکەکانی ئێران دەستی پێکرد، دوورەدیمەنی ئەم دۆخە دوای گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران و لەلایەکی دیکەوە زەختی ئامریکا لە سەر ئێران بە مەبەستی پاشەکشەپێکردنی هێز و نفووزی ئێران لە وڵاتانی ناوچە بە ئامانجی گەڕاندنەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مێزی وتووێژ و ناچارکردنی بۆ ملڕاکێشان بۆ مەرجەکانی ئامریکا کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە لە ١٢ خاڵدا ڕایگەیاند، پێشکەش کرد. دوای باسێکی چڕ لەلایەن بەشدارانی کۆبوونەوە و خستنەبەرچاوی ڕا و تێبینییەکان، ڕاپۆرتەکە پەسند کرا.

بۆ ئاگاداری ڕای گشتی و بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کورتەی ئەم ڕاپۆرتە لە چەند خاڵدا بە ئاگاداری دەگەیەنین:

١. هەرچەند خەڵکی ئێران لە ئاکامی سیاسەتی هەڵەی ئابووری و سیاسی ڕێژیم بەرەوڕووی قەیرانێکی قووڵی ئابووری بوونەتەوە کە لە ئێستادا نیگەرانی بەدەستهێنانی سەرەتاییترین پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیانن، بەڵام قەیرانی ئابووری یەکێک لە دەیان قەیرانی دیکەیە کە خەڵک پێیەوە دەناڵێنن، نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان وەک خەمۆکی، گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان، بێ هیوایی بە داهاتووی باشتر کە ئاکامی نەمانی شادی و دڵخۆشییە، نەبوونی ئازادییە سەرەتاییەکان و ... ئەو قەیرانانەن کە خەڵک لەگەڵیان دەستەویەخەن. ماوەی نزیک بە چل ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە عەقڵیەتی دواکەوتوو و ناکارامەی ئەو ڕێژیمە و ئیدۆلۆژییە چەقبەستووکەی نەک هەر توانای چارەسەری ئەو قەیرانانەی ئەمڕۆیان نییە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو قەیرانانە زۆرتر قووڵتر دەبنەوە. هەر بۆیەش لە مانگرتن و ڕێپێوانەکانی ئەمساڵدا خەڵک بە دروستی لە دروشمەکانیاندا خوازیای گۆڕینی ڕێژیم بوون، چوونکە دەزانن خودی ڕێژیم سەرچاوەی هەموو نەهامەتی وماڵوێرانییەکانی خەڵکە و بەبوونی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا هیوایەک بۆ چارەسەری قەیرانەکان بەدی ناکرێ.

٢. بە چوونەدەری ئامریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران کە بە ڕێککەوتننامەی بەرجام ناسراوە و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران کە بەشێکی لە ١٥ی ئاگۆست و بەشی سەرەکییەکەی لە مانگی نوامبری ئەمساڵدا دەگەڕێتەوە سەر ئێران، کە بریتی دەبێ لە گەمارۆکانی سەر نەوت و گازی ئێران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا دێنێ و ناچاری دەکا کە بگەڕێتەوە سەر مێزی وتووێژ و چوونەژێرباری مەرجەکانی ئامریکا و، جارێکی دیکە" پیاڵەی ژەهری شکست" بخواتەوە یان " نەرمییەکی قارەمانانە!"ی دیکە بنوێنێ.

ئەو سازانە لەسەر مەرجەکانی ئامریکا بێگومان دەبێتە هۆی لێدانی پەلوپۆی ڕێژیم لە ناوچە و کەم کردنەوەی ڕادەی نفووز و دەسەڵاتەکانی کە بە قازانجی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەباتی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە بە شێوەی کردەیی درێژە بە خەبات دەدەن لە سەرانسەری ئێران و کوردستاندا؛ بەڵام ئەو سازانەش ئەگەر لە کورتماوەدا یارمەتیدەر بێ بۆ درێژبوونەوەی تەمەنی ڕێژیم، لە درێژخایەندا یارمەتیدەر نابێ، چوونکە وەک پێشتر باسمان کرد قەیرانەکانی ڕێژیم یەک و دوو نین، وەک چۆن دوای ڕێککەوتننامەی بەرجام کە گەمارۆکان لەسەر ئێران لاچوون و تەنانەت دەیان میلیارد دۆلار پارەی ئێران کە لە بانکەکانی ئامریکا و ئورووپا دەستی بەسەردا گیرابوو ئازاد کرا و گەڕاوە ئێران، ئاستی هەناردەکردنی نەوت گەیشتە ٢.٤ میلیون بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام ژیان و گوزەرانی خەڵک خراپتر بوو و زۆرترین دەربڕینی نارەزایەتییەکان لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە لەو ماوەدا و لە زستانی ڕابردووەوە دەستی پێکرد و تا ئێستاش بەردەوامە.

٣. ئەگەر بێتو ڕێژیم ئامادەیی وتووێژ لەگەڵ ئامریکا و ملڕاکێشانی بۆ مەرجە دیاریکراوەکانی نەبێ (کە ئێمە ئەو لایەنە زۆر بەدوور دەزانین) لە درێژماوەدا بەرگەی گەمارۆکان ناگرێ و دەکەوێتە دۆخێکی شڵەژان و لەژێر زەختی دەرەکی و خەڵک لە ناوەوە بەرەو ڕووخان دەچێ، خۆ ئەگەر بێتو وەک ئەوەی هێندێک لە هەڕەشەکانیان وەک دەسپێکردنەوە بە پیتاندنی ئۆرانیوم، یان گرتنی گەرووی هۆرمۆز و بڕینی ڕێگەی بارهەڵگرەکانی نەوت بکەن، تووشی زەختی زیاتر دەبنەوە و بە ئەگەری زۆر دەکەونە ژێر زەربەی سەربازیش لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانەکانیانەوە.

ئاکام

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو عەقلییەت و سیاسەتەوە کە تا ئێستا لە دەرەوەی وڵات و لە ناوخۆی وڵات پێڕەوی کردووە، ناتوانێ خۆی لەژێرباری قورسی زەختەکانی سەری دەرباز بکا و ڕۆژبەڕۆژ، دۆخەکەی خراپتر دەبێ و لە ڕووخان نزیکتر دەبێتەوە، خاڵی کۆتایی ئەم پرۆسەیە واتە ڕووخانی ڕێژیم بەستراوەتەوە بەوەی کەنگێ لە ئێراندا ئاڵترناتیڤێکی دێموکراتیک پێک دێ کە بە بەرنامەیەکی گشتگیر مافی نەتەوە، ئایین و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دەستەبەر بکا و ببێتە جێی متمانە بۆ خەڵکی ئێران، دراوسێیەکانی و ئامریکا و، بە یارمەتی هەمووی ئەوان کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەکاری دەکا بۆ هەموو ئەو ئەگەرانە، بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بە هاوکاری هێزەکانی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی مافە ڕەواکانی کورد لە ڕۆژهەڵات بە دەست بێنێ.

# یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لەبارەی پرسەکانی ڕۆژ دانوستانیان کرد.

سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرەستی بەڕێز "سەعدی ئەحمەدپیرە" ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی سەردانی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستی بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

لەم سەردانەدا سەعدی ئەحمەدپیرە لەسەر ڕەوشی سیاسی عێراق و هەوڵی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی عێراق و کورد بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق و پرۆژەی هاوبەشی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان و هەوڵدانیان بۆ یەکیەتی و یەکریزی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان باسێکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لەو باسەدا ئاماژەی بە پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا و ڕوانینی وڵاتانی ناوچە لەسەر حکوومەتی نوێی عێراق کرا و کۆمەڵێک پرسیاری لە بەڕێز لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکرات لەسەر بارودۆخی ئێران و سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێران کرد.

لە بەرامبەردا کاک مستەفا هیجری ئاماژەی بە شوێندانەری گەمارۆکان، ئەو مەرجانەی ئامریکا بۆ ئێرانی داناوە، خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئێران دژی ڕێژیم، داماوی ڕێژیم لە دابینکردنی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و شپرزەیی ئابووری کرد.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات، خەباتی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکاری حیزب و لایەنە سیاسییەکان ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد و ئاماژەی بەوە دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی بەشداری کردنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کەسایەتییە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی ئەدا بۆ ئەوەی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان ببێتە هێزێکی شوێندانەر لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێراندا.

دوای ئەو ڕاگۆڕینەوەیە هەردوولا لەسەر بەردەوامی پێوەندییەکانیان جەختیان کردەوە.

# لە سلێمانی، سێمینارێک بۆ ٢٥ی گەلاوێژ بەڕێوە چوو



سێمینارێک بە بۆنەی یادی ٧٣هەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

ڕۆژی هەینی، کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ، ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سلێمانی، سێمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، بە بەشداریی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات بەڕێوە چوو.

سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت ڕاسانی خۆرهەڵات دەستی پێ کرد.

پاشان "ئیسماعیل ڕەحمانی" بەڕێوەبەری سێمینارەکە بەرنامەی کاری سێمیناری ڕاگەیاند و دواتر "فواد خاکی بەیگی" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی بەخێرهاتنی ئامادەبووان، بەتایبەت نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە سێمینارەکەی کرد.

پانێلی یەکەمی سێمینارەکە، "تەیموور مستەفایی"، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، باسێکی لەسەر پێویستیی دامەزرانی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد کرد و هەروەها سیاسەت، هەڵوێست و پرنسیپە نەگۆڕەکانی حیزبی دێموکرات لەمەڕ بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەیی و قۆناغی ئێستای خەبات لە خۆرهەڵات کە ڕاسانە بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

دواتر لە پانێلی دووهەمدا، "عەلی شەمدین"، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە، باسێکی سەبارەت بە پێوەندی "حدکا" بە بزووتنەوەی خۆرئاوای کوردستان کرد و هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و بەتایبەت دوکتور "قاسملوو" بۆ پێکهاتنی کۆدەنگیی نەتەوەیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چواربەشی کوردستانی بەرز نرخاند.

لە پانێلی سێهەمدا، دوکتور "کەیوان ئازاد ئەنوەر"، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕی مێژوو، لە ڕووی مێژووییە و بەپێی بەڵگەنامەکان پێوەندی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی باشووری نیشتمانی لە چەندین قۆناغی مێژوویی بە وردی شی کردەوە و ڕایگەیاند سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕووی پرەنسیپەکانی ئەخلاق لە سیاسەت، سەربەخۆیی بڕیاردان و پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی جێگەی ڕێزن و پڕ بایەخن.

ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانە کە بەشداری سێمینارەکە بوون و پەیامی پیرۆزباییان بۆ یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی حیزب ناردبوو بریتین لە:

- کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
- پارتی یەکیەتیی دیمۆکراتیک (PYD)
- حیزبی شیوعیی کوردستان
- پارتی ئازادیی کوردستان (PAK)
- پارتی ئازادیی کوردستان، ڕۆژئاوا
- یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران
- پارتی دیمۆکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سووریە
- ئەنجومەنی پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵات/ سلێمانی

# حیزبی دێموکرات و پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سووریە کۆبوونەوە



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی سووریەی کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دیمۆکرات لە شاری سلێمانی، سەردانی پارتی دیمۆکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سوریەی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرەستی مامۆستا "حەمید دەروێش" سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە، بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا، هەر دوو لایەن لەسەر دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی پرسی کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد وهاوڕابوون لە سەر ئەوەی کە پێویستە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد، هێز و لایەنە سیاسییەکان زیاتر لە جاران یەکگرتوو و یەکگوتار بن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا، بە تایبەت باس لە دۆخی ئەوڕۆی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و پێویستی کاری هاوبەشی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرکام لەو بەشانەی کوردستان لە ئەگەری گۆڕینی هەر هاوکێشەیەکی سیاسی، بە پێویست وەسف کرا.

دیدارەکە لە کەشێکی دۆستانەدا پاش یەک کاتژمێر کۆتایی پێی هات.

# حیزبی دێموکرات بەشداری لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستاندا کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداری لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستاندا کرد.

ڕۆژی پینجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتنامەی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستان، شاندێکی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی کاک "محەممەد نەزیف قادری" بەرپرسی نووسینگەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات، بەشداری لە ڕێوڕەسمی ٧٢مین ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستاندا کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەوە پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و " مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبیان بە بەڕێز "مەسعوود بارزانی"، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی گەیاند.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداری زۆربەی حیزبەکانی چوار بەشی کوردستان، کۆنسولگەریە بیانییەکان، دام و دەزگا حکوومی و ڕاگەیەنە گشتییەکان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

# پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە



**هاونیشتمانیان، کوردستانیانی خۆڕاگر**

٢٥ی گەلاوێژی هەموو ساڵێك وەبیرمان دێنێتەوە کە لەم ڕۆژەدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە خاوەن حیزبێک کە بۆ ماوەی ٧٣ ساڵە بێوچان بۆ کورد و کوردستان خەبات دەکات. حیزبی دێموکرات ئەو حیزبەیە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەك حیزبی گروپ، چین یان توێژێکی دیاریکراو نەهاتووەتە گۆڕەپانی خەباتی خۆرهەڵاتەوە. لەهەمانکاتدا ئەم حیزبە تەنیا مولکی ئەندام و لایەنگرانی نییە، بەڵکوو بووەتە مولکی هەموو خۆرهەڵاتییەکان. لە ئاوا هەلومەرجێکدا پێویستە ئاوڕ لەو پرسە بدەینەوە کە بۆچی ٢٥ی گەلاوێژ وەك ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ئەوەندە گرینگە؟ و ئەم گرینگییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

پێش ئەوەی حیزبی دێموکرات لەدایك بێ، پێش ئەوەی وەك حیزبێك پاڵپشت و کۆڵەکەی سەرەکی کۆماری کوردستان بێ، حیزبی دێموکرات دەرهاویشتە و دەرەنجامی گۆڕانێکی بونیادی بووە لە پێناسەکردنی کوردبوون و کوردستانیبوون. ئەو گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی بڕیار دەدات کە خۆی ئاودیوی جیهانێکیتر لە کوردبوون بکات.

ئەوەی ئێمە لەمڕۆدا وەك بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دەیناسین، بزاڤێکە کە لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی "ئەردەڵانەکانەوە" جڵەو و ڕێبەرایەتی پرسی کورد بەدەستەوە دەگرێت. بەواتایەکیتر لە پاش ئەردەڵانەکان و پەرەسەندنی بیری بونیادنانی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی، کورد لە خۆرهەڵات بڕیار دەدات کە ڕەوتی بەرەنگاری و بەرخۆدانی خۆی لە فۆرم و شێوازێکی نوێدا ڕێك بخاتەوە. لێرە بەملاوە خۆرهەڵاتی کوردستان دەبێتە کانگا و گۆڕەپانی سەرهەڵدانی بزاڤی کوردی.

یەکەم چەخماخەکانی سەرهەڵدانی کورد لە خۆرهەڵات بە یەکگرتنی بزاڤی "شێخ عوبەیدوڵا نەهری" و هەڤاڵبەندی "حەمزە ئاغای مەنگور" دەسپێدەکا. ئەم سەرهەڵدانە دواتر دەگوازرێتەوە بۆ "سمکۆی شکاك". لە دەرەنجامی سەرهەڵدانی نەهری و حەمزە ئاغا و سمکۆ، کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بەرخۆدان و ڕابوون رادێ. ئیتر لەمەبەدواوە بەرەنگاری داگیرکەر دەبێتە بەهایەك، بەڵام بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەك ڕێگای ڕزگاری خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت تەنیا بە بەرەنگاری ناکرێت بەڵکوو پێویستی بە بزاڤ و ڕێکخستنێك هەیە تاکوو هەموو کۆمەڵگا ئاوێتەی پرسەکە بکات.

هێزگرتنی بیر و دەسەڵاتی پاوانخوازی لەلایەن داگیرکەرەوە وا دەکات کە کۆمەڵگای کوردی بیر لە بزاڤێکی کلتوری و سیاسی بکاتەوە، تاکوو لەو ڕێگەوە وشە و واتاکانی داگیرکاری بێ مانا بکات. لەم وێستگەدایە کە ( ژ.ك) سەرهەڵدەدات. گروپێك بە عەقلییەتی بزاڤییەوە، کە مەبەستیان بونیادنانی بەرخۆدان لە جەوهەر و عەقلییەتی کۆمەڵگادا بوو. ئەوەی ( ژ.ك) کردی ڕێکخستنی ئەو وشە و مانایانە بوو کە کورد پێویستی پێ بوو لە ڕەوتی دووبارە بونیادنانەوەی ناسنامەکەی خۆیدا. بۆیە "ژ.ك" توانی پرسی کورد لە خۆرهەڵات ئاودیوی قۆناغێکیتر بکات. هەوڵەکانی ژ.ك توانی وانەیەکیتر بە پرسی کوردبوون زیاد بکات. بەڵام پێویستییەکی بونیادیتر لە کۆمەڵگای کوردیدا مابوو کە دەبوو بێتە کایەوە، ئەویش گۆڕین و جێگیرکردنی جۆرێکیتر لە ڕێکخستن لە کۆمەڵگای کوردی بوو. چونکە ڕێکخستنەکانیتر نەریتی بوون و نەیاندەتوانی بە پێی زەمەن نوێنەرایەتی کۆمەڵگا بکەن و، لەهەمانکاتدا مانفیستی کردنی پرسی کوردیش پێویستی بە سازمانێك هەبوو تاکوو لەو ڕێگەوە ببێت بە زمانحاڵ و وتەبێژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی.

لێرەدایە کە حیزبی دێموکرات لە دایك دەبێ تاکوو کۆمەڵگای کوردی و پرسی کورد بگاتە قۆناغێکی گەشەکردوو. بەو مانایە کە ڕۆحی بەرەنگاری لە کۆمەڵگای کوردی ساز ببوو، عەقلییەتی بوونە بزاڤێك سەریهەڵدابوو، پرسی کورد ئاودیوی ڕێکخستنی نەریتی ببوو و، لە دواییدا پێگە و شوێنێك هەیە کە وەك دەنگی پراکتیکی کورد دەتوانێ ڕۆڵی وتەبێژی و نوێنەرایەتی کورد بەدەستەوە بگرێت.

بە هاتنە کایەی حیزبی دێموکرات پرسی کورد سیما و وێنایەکیتر بەخۆیەوە دەگرێت. وێنایەك کە هەڵگری ڕابوون و ڕاسانی کۆمەڵگای کوردی بووە. لەم ڕاسانانەدا گوتار، ستراتێژی و تاکتیکی جیاواز کاریان لە سەر کراوە. بۆیە بە پێی گۆڕانەکان حیزبی دێموکراتیش لە شێوازی جیاواز بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەی کورد کەڵکی وەرگرتووە. هەر بۆیە حیزب لە بواری گوتار، ستراتێژی و تاکتیکیدا بەردەوام لە ژێر کاریگەری کات و شوێندا بووە؛ بەڵام ئەوەی لای حیزبی دێموکرات نەگۆڕە: ماف، ناسنامە، خاك، وڵات، یەکسانی و کەرامەتی کورد و کوردستانییانە".

لەم ساڵانەی دواییدا گوتار و ستراتێژییەکی نوێ لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەنراوە کە بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناسراوە. ڕاسانێك کە سەرچاوە لە میراتی کوردبوون لە خۆرهەڵات و گۆڕانەکانی کۆمەڵگای کوردی دەگرێت. لە ڕاسانی ئەم سەردەمەدا، شار و شاخ دوو کۆڵەکەی سەرەکین کە نوێنەرایەتی ڕابردوو و ئێستا دەکەن. ڕابردوو وەك میراتێك لە ڕابوون، ئەو میراتەی کە لە شۆڕشەکانی پێش کۆمارەوە دەستی پێکرد و گەیشتە قارەمانەکانی قەرەسەقەڵ و کۆساڵان و، تا ئێستایش هەر درێژەی هەیە. لەهەمانکاتدا میراتێك کە بزاڤێك بە ناوی ژ.ك خوڵقاندی و بۆتە هەوێنی خەباتێك بە ناوی خەباتی شار. ئەو خەباتەی کە نەورۆزی جامانەکان، حەماسەی کرماشان، زەماوەندی ئاڵا و پێشوازی گەرمی خەڵك لە پێشمەرگەکان نوێنەرایەتی دەکات.

لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا حیزبی دێموکرات بە سەر مێژوودا باز نادات، بەڵکوو مێژوو و ئێستا بە تەواوکەری یەك دەزانێ. چونکە فەلسەفەی وجودی حیزبی دێموکرات تەواوکارییە. بەو مانایە کە هەر وەك چۆن بە هاتنی حیزبی دێموکرات خەباتی ڕزگاریخوازی کورد توانی دەربازی سەردەمی مودێرن بێ، بەهەمان شێوەش ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەك سەردەمێك دەبینێ، بۆ پەڕینەوە بۆ قۆناغێکیتر. قۆناغێك کە ئێرانییەکانیش قۆڵیان لێهەڵماڵیوە.

گۆڕانکارییەکان لە ئێران لەم مانگانەی دواییدا پەرەیان گرتووە. ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە پاش چوار دەیە لە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی، ئەم سیستمە لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە تووشی هەرەس هاتووە. بونیادە سەرەکییەکانی گوتارە ساختەکانی کۆماری ئیسلامی لای خەڵک باویان نەماوە. لەهەمانکاتدا کێشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری بەرۆکی هەموو جمگەکانی کۆماری ئیسلامی گرتووەتەوە. بەشێوەیەك کە کەسە نزیکەکانی ڕێژیمیش هەلومەرجەکە وەك مەترسییەکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامی دەزانن. نمونەی هەرە بەرچاویان خاتەمی سەرکۆماری پێشوویە، کە داوای یەکگرتوویی و پێکەوە سازان دەکات بۆ ئەوەی بەر بە هەرەسی کۆماری ئیسلامی بگیردرێت. ئەوەی لە شەقامەکانی ئێرانی ئەمڕۆدا بوونی هەیە نابێ تەنیا لە پرسی ئابووریدا کورت بکرێتەوە. بەڵکوو پرس و داخوازی سەرەکی خەڵك سیاسییە، ئەوەش لە دروشمەکان کە ڕاستەوخۆ ویلایەتی فەقیە دەکەنە ئامانج دەردەکەوێ.

ئەوەی بۆ هەمووان ڕوونە ئەوەیە کە ئێران ناتوانێ وەك ئێرانی پێشوو بێ و، دەبێ ئێرانێکی تر بێتە کایەوە. ئێرانێك کە وەهمی مێژوویی، ئایدۆلۆژیای ئایینی و نائایینی، دەسەڵاتداری تاقم، گروپ و نەتەوەیەکی دیاریکراو کۆتایی پێ بێت. هەمان ستراتێژی کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکات. بۆ حیزبی دێموکرات تەنیا ئێرانێك دەتوانێ مانای هەبێ کە ئێرانێکی تر بێ، نەك دووبارەکردنەوەی ئەوەی بووە و ئەوەی دەیانهەوێ. ئەمەش بەئەنجام ناگات ئەگەر دیالۆگ و ستراتێژی هاوبەش لە سەر ئەساسی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان و زامنکردنی ئاسایشی ناسنامەی نەتەوەی ئەوان نەیەتە ئاراوە.

خەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربەرزە بەوەی هەر لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا کە ٧٣ ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ دەبێ، بۆ شوناسی نەتەوەیی و دێموکراسی و ئازادی خەباتی کردووە و لە پێناویدا قوربانی داوە، ئەو ئامانجانەی کە سەردەمانێک بەلای هێندێک لایەنی فیکرییەوە وەک دواکەوتوویی و هزری خێڵ سەیری دەکرا، بەڵام ئێستا زۆر لەو لایەنانە، ساڵانێکە بایان داوەتەوە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری ئەو هزر و بایەخانە دەزانن کە حیزبی دێموکراتی لەسەر بونیاد نراوە، ئەوەش ئەو ڕاستییەیە کە ئەو حیزبە زۆر زووتر لەوان، پەی بە پێویستی مێژوویی خەڵکی کوردستان بردووە، پێویستییەک کە خۆی لە سەروەری خاک و نەتەوەدا دەبینێتەوە کە هەمیشە ئامانجی دوژمن بووە بۆ ئەوەی ئەو بایەخە بەرزانە کەم بایەخ بکا، خاکەکەی داگیر بکا و بیری نەتەوایەتییەکەی لە خۆیدا بتوێنێتەوە و، لەم سۆنگەوە لە هیچ جینایەتێک خۆی نەپاراستووە. بەڵام لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامی و ئەوانەی پێش ئەویش لەو پیلانەیاندا سەرکەوتوو نەبوون و کوردی ڕۆژهەڵات بە پاڵپشتی حیزبی دێموکرات وشیارانە بەگژ پیلانەکانی دوژمندا چوونەتەوە و، نەک هەر لە گەلی باڵادەست و شۆڤینیزمی ئێرانیدا نەتواونەتەوە، بەڵکوو هزری نەتەوەیی، مافویستی و ئازادی نیشتمانەکەیان لە ژێر سەرکوت و قەڵاچۆ و پیلاندا زیاتر خەملیوە و هێزی وەرگرتووە و ئێستاش لە هەموو کات چالاکتر بە پاڵپشتی حیزبەکەی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خەبات دەکا.

٣ ساڵ لەوە پێش لە قەدپاڵەکانی شاخە بەرز و بەفراوییەکانی کوردستان پەیامی نەورۆزی ڕاسانمان بە گوێی خەڵکی تامەزرۆی ئازادی ڕۆژهەڵاتدا چرپاند و مزگێنی خەباتێکی نوێی هەستانەوەمان ڕاگەیاند، لاوانی کوردستان ئەو پەیامەیان بەدڵ و گیان وەرگرت و، پۆلپۆل ڕوویان کردە بنکەکانی حیزب و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان پۆشی و بوونە شاخ بۆ پشتیوانی شار، شاریش باوەشی بۆ کردنەوە و لە ئامێزی پڕ لە جۆش و خرۆشی ڕاسانی گرتن، ئێستا ئیدی شاخ و شار یەکتریان لە ئامێز گرتووە و بوونەتە هێزێکی ئەوتۆ کە دوژمن زرەوای لێیان چووە.

ئێستا شاخ و شار لێبڕاون نیشتمانێکی دیکە بونیاد بنێن و مێژوو سەرلە نوێ بنووسنەوە.

شارە خۆشەویست و نامورادەکانی کوردستانم، ئێوە ئەو دەریا لە بن نەهاتووەن کە شەپۆلەکانتان دوژمن توقێنە و سەرکەوتن بۆ ئێوەیە، ماسییەکانی شاخ گەرم لە ئامێز بگرن ئەوان لە نێو شەپۆلەکانی ئێوەدان، هێزیان پێ ببەخشن و هێزیان لێ وەرگرن با شەپۆلەکانتان هەروا پڕخرۆش، هیواتان بەرز و لەشکان نەهاتوو بێ.

با لێرەدا ئاوڕێک لەو هاونیشتمانانەش بدەینەوە کە بە هەر هۆیەک فریوی دوژمنیان خواردووە بۆ نانێکی سەرشۆری، کاتی ئەوە هاتووە تف بکەن لە ژیانی سەرشۆڕانە و بگەڕێنەوە باوەشی گەل و نیشتمانەکەیان. نۆکەری کردن بۆ دوژمنی گەل بەسە، ئەو ڕێژیمە وەفای بۆ وەفادارترین یاران و باوەڕمەندانی خۆشی نییە، بیر لە دوارۆژێکی نزیک بکەنەوە کە تەمەنی پڕ لە نیکبەتی ئەو ڕێژیمە کۆتایی دێ و ئەوان دەمێننەوە و خەڵکێک کە لە لایەن ئەوانەوە یان بە چاوساخی ئەوان بێحورمەتییان پێکراوە،ماڵیان داگیر و تاڵان کراوە یان خۆشەویستەکانیان کوژراون یان زیندانی کراون. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کارێک بکەن لەو ڕۆژەدا بتوانن چاو لە چاوی ئەو خەڵکە زوڵملێکراوە بکەن و لەگەڵیان بژین، ئەو دەرفەتە لە دەست مەدەن.

با هەموو پێکەوە کوردستان بکەینەوە نیشتمانی ئازادی و دێموکراسی، با وەچەی داهاتوو دوور بن لەو هەموو کێشە دەروونی و بێبەشیە، ئەوان و ئێوەش شایانی ژیانێکی سەربەرزانەی سەردەمی خۆتانن.

لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ٧٣ ساڵ خەباتی حیزبی دێموکرات .

پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی بونیادنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی حیزب، کادر و پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم.

پیرۆزبێ لە پێشمەرگەکانی شار و هەموو ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی وڵاتەکەم.

# بۆچی لە مردن دەمانترسێنن؟

جاقل

ئەوە ڕاستییەکی بێ ئەملاو ئەولایە کە هەموو ژیانێک مردنێکی بە دواوەیە؛ واتە سروشتی مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەکان هێشتا نەیتوانیوە لەم ئەسڵە لابدات و ڕێگایەکی دیکە ببینێتەوە.

ئینسانەکان دێنە دنیاوە، دەژین و دەمرن؛ بەسەرهاتی قوڵی لە دایک بوون و ژیان و مردن چ لە باری چەندایەتی و چ لە باری چۆنایەتییەوە دەبێتە مێژووی مرۆڤەکان لەم جیهانەدا. ئینسان لە هەر چین و توێژێک بێت و لە هەر کات و شوێنێکدا بژیت بێگومان بەم قۆناغانەدا تێپەڕ دەبێت. مرۆڤەکان چ ئەو کاتانەی کە چەند دەقیقە پاش لە دایک بوون دەمرن و چ ئەو کەسانە کە دەیان ساڵ دەژین و پاشان دەمرن خواستی ژیانیان تێدایە و حەز دەکەن لە سەر ئەم جیهانە زیاتر بژین. لێرەدا باسی ئێمە بە گشتی لە خواستی بەشێکی زۆری ئینسانەکانە دەنا بە ڕێژەیەکی کەم ئینسانگەلێکیش هەن کە بەم چەشنە بیر ناکەنەوە و ڕێگایەکی دیکە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان دەدۆزنەوە. زۆربەی زۆری مرۆڤەکان لە مردن دەترسن و بۆ ئەوەی خۆیان لەو مەترسییە گەورە لە ئەماندا بهێڵنەوە ڕێگاگەلێکی جیا جیا هەڵدەبژێرن. ژیان حەقی بێ ئەملاو ئەولای ئینسانە و هیچ ئینسانێک نابێت ئەو مافە لە کەسێکی دیکە زەوت بکات.

مرۆڤ مادام کە سەرقاڵی ژیان دەبێت بە پێی سروشت و بەرژەوەندی حەز دەکات و هەوڵ دەدات باشترین ژیان لە باشترین ژینگەدا بۆ خۆی دابین بکات .

لوتکەی هەرە بەرزی ئەو ژیانە لە ئازادی تێپەڕ دەبێت و لە هەبوونی دەسەڵات و هێزدا دەگیرسێتەوە. ئایا هەموو مرۆڤەکان خوازیاری هێزن؟ ئایا تەعریف و تێگەیشتنی وەک یەکیان لە ئازادی یان هێز هەیە ؟ بێگومان نا ...

مرۆڤەکان بە ژیانێکی ئاسایی و عامیانەوە سەرقاڵ دەبن بە چەشنێک کە ئیسپینۆزا دەڵێت: ئەوان لە چوارچێوەیەکی جەبریدا لە دایک دەبن و بە ئێختیاری خۆیان لەو جەبرەدا دەژین و هەوڵ دەدەن هەندێ قەراری جەبری لە سەر خۆیان لاببەن. ئینسان هەوڵ دەدات لانیکەم ئازادانە بژی و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵەکانی هەتا ئەو میزانە چڕ دەکاتەوە کە گیانی نەکەوێتە مەترسییەوە چون هەموو شتەکان لای ئەو هەتا ئەو جێگا بایەخیان هەیە کە گیانی لە دەست نەدات چونکە لای مرۆڤی ئاسایی لە دەستدانی گیان یەعنی کۆتایی هەموو شتێک، بەڵام لە نێو کۆمەڵگا و مرۆڤەکاندا توێژێک بوونیان هەیە کە ژیان بە پێی تەعریف و تێگەیشتنی ئازادانە و دەسەڵاتدارانە لایان خاوەنی مانای واقعییە و هەر کات ئازادی تاکەکەسی یان جەمعیان بکەوێتە مەترسییەوە خێرا دژکردەوە پیشان دەدەن و بە هیچ شێوەیەک ملکەچی ئەمری بە زاهیر واقع نابن و بە شوڕەوە دەست دەدەنە سەرکێشی. ئەوکەسانە بەشی بەتوانای ئینسانەکانن کە نایانهەوێت ناتەوان و بێ دەسەڵات بژین .

خواستی ژیانی ئازادانە و لە سەرووی ئەویشەوە ژیان بە هێز و دەسەڵاتەوە لێرەدا تێچووی زۆری دەوێت و ئەو ئینسانانە کە خۆیان




**پێشمەرگەی کوردستان نمونەی ئاشکرا و هەرە دیاری ئەو مرۆڤە زیندووانەیە کە بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی پڕ لە ئازادی و دەسەڵات بە گژ داگیرکەر و مەرگدا دەچێتەوە. پێشمەرگە حەز لە مردن ناکات بەڵام لێیشی ناترسێت.**

لەم ڕێگا بدەن ڕێژیمیان بەپێی بارودۆخی نەتەوە و کۆمەڵگاکان جیاواز دەبێت. لە ئێراندا کە ژیانی ئینسانی دەخرێتە ژێر پرسیاری دەسەڵاتەوە و کورد بوون لە لایەن حاکمانی تارانەوە تاوانێکی گەورەیە ئایا تاکی دەروەستی کورد دەبێت چۆن بژی؟ ئایا بۆ کوردێک کە خاوەنی دەوڵەت بە مانای لووتکەی بەرزی دەسەڵات نییە، دەبێ ئازادی ئینسانیش لە بیر بکات ؟!!!! و بە مەرجی درێژەدان بە ژیان، لە بابەت ئازادیشەوە قوڕ و قەپ بکات؟ ئایا کورد هەتا ئێستا ئەوەی قبوڵ کردووە؟ لەم تێگەیشتنەدایە کە ژیان هەناسەکێشانێکی سروشتی نابێت، لێرەدا زیندووبوون و ژیان ڕێگاکەیان لە یەک جوێ دەکەنەوە واتە هەر کەس کە ژیان بکات بەو مانایە نییە کە زیندویشە. مرۆڤ دەبێت زیندو بێت و ژیانیش بکات. ئەو کەسانە کە بەو مانا لە ژیان تێدەگەن کاتێکیش کە بە جەستە لە ناو دەچن هەر زیندوون. ئەوان خولقێنەری ئەرزش و بەها ئینسانیەکانن و مرۆڤە ئاساییەکان کە هیچ تەئسیرێکی ئەوتۆیان لە سەر کۆمەڵگا نییە قەت ناتوانن لە مرۆڤە بوێر و زیندووەکان تێبگەن . تێگەیشتنی قوڵ لە ناخی ئینسان دەمانهێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە مرۆڤە زیندووەکان تەنیا ئەو کەسانەن کە لە هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی بەردەوامدان بۆ ژیانێکی سەربەرزانە، بۆ ئەوەی کە خۆیان دەسەڵات و حوکمی وڵاتی خۆیان بگرنە دەست. ئەوان ژیانی ژێردەستانەیان پێ قبوڵ ناکرێت. ئەوان بایی و نرخی ئەو خەباتە دەدەن و مردن بە بەشێک لە ژیان دەبینن و لێی ناترسن. هەر ئەو جیاوازی و شێوەی بیرکردنەوەش وا دەکات کە ئەوان بۆ هەتاهەتایە بە ناو و یاد نەمرن و وەک سەمبولی ئینسانی ئازاد و قارەمان لە ناو میللەتی خۆیاندا بمێننەوە .

**گەورەترین مەترسی لە سەر دەسەڵاتی تاران ئەو خوێنە لە جۆشانەیە کە ئەمرۆ بوێرانە پەلاماری چەک دەدەن، ئەو کچان و کوڕانەن کە بە تێگەیشتنەوە تێکەڵ بە سەفی پۆڵایینی ڕاسان دەبن و بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گیانبازی دەکەن.**

لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا و لە هەر وڵاتێکدا دەتوانین ئاماژە بەو کەسانە بکەین. گیانبازی بۆ سەربەرزی میللەتێک، بەگژداچوونی زاڵم و داگیرکەر، کردەوەیەکی پڕ لە فەخر و شانازییە کە بە هەموو کەسێک ناکرێت. لێرەدا مرۆڤی بەتوانا و ناتوانا، مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی زیندوو، ناتوانن لە یەک ئاستدا قەرار بگرن. پێشمەرگەی کوردستان نمونەی ئاشکرا و هەرە دیاری ئەو مرۆڤە زیندووانەیە کە بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی پڕ لە ئازادی و دەسەڵات بە گژ داگیرکەر و مەرگدا دەچێتەوە. پێشمەرگە حەز لە مردن ناکات بەڵام لێیشی ناترسێت. پێشمەرگە حەز لە شەڕ ناکات بەڵام لە بەرانبەر داگیرکەردا و بۆ وەدەستهێنانی ژیانی شیاوی ئینسان خەباتێکی ڕەوا دەکات .

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچکات و بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە و نایشیهەوێت ژیانی ڕۆڵە ئازا و بە جەرگەکانی میللەتی کورد بخاتە مەترسییەوە بەڵام هیچ کاتیش خۆی لە خەبات و بەرپرسیاریەتی مێژووی خۆی نەشاردووەتەوە و مەیدانی بە داگیرکەر نەداوە کە ئەوەی دەیهەوێت بیکات.**

داگیرکەر بە قسەی نابەجێ و عەقڵییەتی چەپەڵ و لەغاوپچڕاوی زێدەخوازانە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە مردن دەترسێنێت. داگیرکەر بە هێنانەوەی دەلیلی بێ سەروبەرە هەوڵ دەدات ئەو عەقڵییەتە سەرکێشە کە بە شور و شعورەوە دژی دەسەڵاتە ناڕەواکەی ئەو وەستاوەتەوە لە جوڵە بخات. تاران بە سەبر و زانستی داگیرکەرانە تۆوی فیکری و فەلسەفی جۆراجۆر لە ڕێگای میدیا و دەست و پێوەندییەکانیەوە بڵاو دەکاتەوە هەتا بوێری لە ناخی هەموو کوردێکدا بسڕێتەوە. گەورەترین مەترسی لە سەر دەسەڵاتی تاران ئەو خوێنە لە جۆشانەیە کە ئەمرۆ بوێرانە پەلاماری چەک دەدەن، ئەو کچان و کوڕانەن کە بە تێگەیشتنەوە تێکەڵ بە سەفی پۆڵایینی ڕاسان دەبن و بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گیانبازی دەکەن. ئەو کەسانە کە بە هۆی نەزانینەوە لە ناخی مرۆڤە بەرزڕەوشتەکان تێناگەن بە دڵنیاییەوە مافی ئەوەشیان نییە بە قسەی نەزانانە بچنە ماڵی یاریدەران بە داگیرکەرەوە. ئەو کەسانە کە لە شۆڕشدا نین ناتوانن و مافی ئەوەشیان نییە لەژێر چەتری دێموکراسی و ئازادی ناوخۆییدا قسەی دوژمن و نەیار بڵێنەوە. ئەو کەسانە کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لە دەرەوەی خاکی کوردستان بە ناوی دڵسۆزییەوە هەندێ دەستەواژەی زەلیلانە و گرینۆکانە بڵاو دەکەنەوە دەبێت زۆر ئاگایان لە خۆیان بێت .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچکات و بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە و نایشیهەوێت ژیانی ڕۆڵە ئازا و بە جەرگەکانی میللەتی کورد بخاتە مەترسییەوە بەڵام هیچ کاتیش خۆی لە خەبات و بەرپرسیاریەتی مێژووی خۆی نەشاردووەتەوە و مەیدانی بە داگیرکەر نەداوە کە ئەوەی دەیهەوێت بیکات. بێگومان بەشێکی بەرچاوی ئەو گیانبازی و فیداکارییەش کەوتووەتە سەر شانی پێشمەرگە قارەمانەکان و زۆر جاران شەهید بوونی پێشمەرگەکانی لێ کەوتووەتەوە.

ئایا ئەوانەی کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە مردن دەترسێنن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەت بە دوژمن ناکەن؟ ئایا ئەوانە کە لە بازنەی دەرەوەی شۆڕش هێڵ بۆ شۆڕش دیاری دەکەن کێن؟ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ناوەڕۆکی دزێوی داگیرکەر باش دەناسێت و هەتا ئێستاشی لە گەڵ بێت تارانی ئاخوندەکانی وەک داگیرکەر بۆ خۆی پێناسە کردووە. خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەنگەری ڕاسانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکراتەوە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خەریکی خۆڕێکخستنن بۆ لە نێوبردنی یەکجاری کۆماری ئیسلامین. بێگومان هەر ئەو خەڵکەش نرخی ئەو خەباتە دەدەن . دەنگی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان بە ترساندنیان لە مردن کپ نابێت .

# حیزبی دێموکرات و پرسی ژن



**ئاسۆ منبەری**

**حیزبی دێموکرات وەکوو حێزبێکی خاوەن ڕابردوو و بەئەزموون ئەوەی بە کردەوە نیشان داوە کە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ژنان و کچان لە دنیای واقیعدا و بەدوور لە دروشمی بریقەدار و درۆیین و لەقاڵبی کردەوەدا چەندە دەتوانێ لە سەر گۆڕان و بەئاکام گەیشتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کاریگەر بێ**

ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە و ئەو ڕووداوە ناخەهژێنانەی کە لە ئاکامی بەشداری کردن لە دنیای سیاسەتدا دێنە ئاراوە، هەمیشە ڕێگرییان لە بەشداری تاکەکان لە سیاسەت و بابەتە پێوەندیدارەکان بە سیاسەتەوە کردووە. بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە دەسەڵاتی پاوانخواز و دژەمرۆیی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە درێژایی تەمەنی نگریس و پڕ لە شوورەیی خۆی وای کردووە کە پرسی نەتەوەیی بە تەواوەتی وەکوو پرسێکی سیاسی ـ ئەمنییەتی چاوی لێ بکرێت و شێوازی تووشبوونی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم لەگەڵ کەسانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر لە ئاکامی بەشداری کردنیان لە پرسە نەتەوەییەکاندا ببێتە هۆکارێک کە زۆربەی تاکەکان و بە تایبەت ژنان لە ترسی دڕندەیی ئەو ڕێژیمەدا چاو لە ڕاستییەکان داپۆشن و نەوێرن خۆیان لە مەیدانی کردەوەی سیاسیدا ببیننەوە. هەر بۆیە دەوڵەتە دەسەڵاتگەرا و سەرکوتکەرەکان بە گشتی لە دواکەوتوویی ئەندامانی کۆمەڵگەدا لە بواری سیاسییەوە دەورێکی گرینگ دەگێڕن.

مرۆڤ لەو ڕووەوە کە بوونەوەرێکی خاوەن هزر و ئەندێشەیە هەست بە ئەم ڕاستییانە دەکات بەڵام کەی و چۆن بتوانێ هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەر کردنی هەڵبگرێ پێوەندی بە شێوە ڕوانین و بەستێنی گونجاو هەیە. زۆربەی کات تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ترسی پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم لە هەنگاو هەڵێنان خۆیان دەبوێرن و بە تەمای هێزێکی ڕزگاریدەر کاتەکان بە فیڕۆ دەدەن. هەندێ جاریش هەندێ لەو تاکانە خۆیان دەبنە ئەو هێزە ڕزگاریخواز و ڕزگاریدەرە و دەبنە پیشەنگی کۆمەڵگە.

سروشتی مرۆڤ وایە کە زۆرتر چاوەڕوانی هێزێکی بزوێنەرە، زۆربەی کات ئەو هێزە بزوێنەرە ئەوەندە دەتوانێ کاریگەر بێ کە مرۆڤەکان لە ڕێگای ڕزگاریدا تەنانەت حازر دەبن گیانیشیان بەخت بکەن.

ساڵەهایە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێردەسەلاتی دەوڵەتیکی تۆتالیتر و دیکاتۆردا هەناسە دەدات بەڵام هێشتا هەر زیندوویە، ترساندن و تۆقاندن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادی کردووە بەڵام ئەوەی کە بە چۆکدا نەهاتووە ئیرادەی لە شکان نەهاتووی خەڵکە، چونکە ئەو هێزە بزوێنەر و ڕزگاریدەرە لەو کۆمەڵگایەدا ڕیشەی خۆی داکوتاوە و بۆ هەتاهەتایە هەر چرۆی تازە دەردەکات. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە هیچ چەشنە کوشتن و بڕینێک لە لایەن دەسەڵاتەوە نەوەستاوە و ناوەستێ.

چین وتوێژەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە درێژایی ئەم ساڵانە درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە. لەم نێوانەدا ژنان ئەرکێکی قورستریان لە سەر شان بووە، هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە بۆ دابین بوونی مافی نەتەوایەتی شەڕیان کردووە، لە بەرانبەر یاسا و دابونەریتە دواکەوتووەکانی داڕێژراو لە لایەن ڕێژیمیشەوە خەباتیان کردووە.

ڕێبەری زاناو بلیمەتی گەلی کورد، دوکتر قاسملووی نەمر دەفەرمێت: هەر چی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشداربن، کۆمەڵ پێشکەوتووترەو هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترەو شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

کەوایە هاندان و دروستکردنی دەرفەت لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ ژنان و هەروەها بەشداری کردنی خودی ژنان لە کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتیدا دەتوانێ کاریگەریەکی چەند قاتی لە سەر پێشکەوتنی خەبات و سەرکەوتن هەبێ، چونکە ژنان لەو حاڵەتەدا جگە لەوەی کە وەکوو کەسانێکی بەشدار لەو خەباتەدا پاڵپشتی لە پیاوان دەکەن، لە لایەکی تریشەوە لە پەروەردەکردنی نەسڵی داهاتوودا جێ پەنجەیەکی دیاریان هەیە و بە چەشنێک لە چەشنەکان ئەوانن کە دابینکردنی هێزی داهاتووی خەباتیان لە سەر شانە و گواستنەوەی ئاکاری شۆڕشگێڕانە و هزری نەتەوایەتییان لە ئەستۆیە، وە ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە دایکێکی شۆڕشگێڕ منداڵی شۆڕشگێڕیش پەروەردە دەکات، کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بە هەزاران ژنی لەو چەشنە بە دی دەکرێن کە شەهید بوون و لە دەستدانی باوک، برا، هاوسەر و تەنانەت ڕۆڵە ئازا و نەترسەکانیان چۆکیان پێ دانەداون و نموونەکانی خۆڕاگری بۆ نەسڵەکانی داهاتوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو حێزبێکی سەردەمیانە و مۆدێڕن و بزوێنەر کە بە تایبەت لە کاتی ئێستادا پێشەنگایەتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلیکوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەئەستۆ گرتووە، هەمیشە و لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی خۆیدا، وەکووهێزی بزوێنەر و کاریگەر چاوی لە توێژی ژنان کردووە و بایەخی تایبەتی پێداون، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دواتریش کۆماری کوردستان و هەتا ئێستەش، وەک بڵێی ئەمە میراتێکە کە نەسڵ بە نەسڵ وقۆناغ بە قۆناغ هەتا ئێستای حێزبی دێموکرات ماوەتەوە و بەدڵنیاییەوە هەر دەشمێنێتەوە.

حیزبی دێموکرات بە درێژایی مێژووی پڕ لە شانازی خۆی و لە هەر قۆناغێکدا بە پێی هەلومەرجی مەوجوود و بە تێبینی و ڕوانینی قووڵ لە سەر بابەتەکان شێوازی خەباتی درووست وگونجاوی هەڵبژاردووە و لەبەریگرتووە و بۆ بەرەو پێشچوونی هەر شێوەیەک لەو خەباتەش دەرفەتی یەکسانی بۆ ژنان و پیاوان خولقاندووە.

هەر لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بگرە هەتا بەشداری ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزب و لە ئاستی بڕیاردانی سیاسیدا و بگرە بەشداری چالاکانە یان لە نێوخۆی وڵات و بەشداری چەکداری.

حیزبی دێموکرات وەکوو حێزبێکی خاوەن ڕابردوو و بەئەزموون ئەوەی بە کردەوە نیشان داوە کە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ژنان و کچان لە دنیای واقیعدا و بەدوور لە دروشمی بریقەدار و درۆیین و لەقاڵبی کردەوەدا چەندە دەتوانێ لە سەر گۆڕان و بەئاکام گەیشتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کاریگەر بێ، هەربۆیە بە گونجاندنی بەرنامە و دەرفەتی گونجاو بۆ ژنان لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی خۆیدا نیشانی داوە کە گرینگی بە توێژی ژنان دەدات و لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پێگەیاندن و پەروەردەی سیاسی و کۆمەلایەتییان لە هیچ هەوڵێک دەرێغ ناکات.

لەڕاستیدا وەک پێشتریش باس کرا ژنان لەخەباتی ڕزگاریخوازیدا ئەرکێکی قورستریان لەسەرشانە، ئەوان لە لایەکەوە شەڕ بۆ ژن بوونیان دەکەن و ئەیانەوێ وەکوو ژن و بە تایبەتمەندییە ژنانەکانیانەوە شان بە شانی پیاوان و بە بێ جیاوازی و هەڵاواردن بەشداری خەبات بکەن ولەلایەکی تریشەوە ئەیانەوێ لە بزووتنەوەیەکی مێژووخولقێندا بەشداری بکەن و بە نۆرەی خۆیان لاپەڕەیەکی مێژووی پڕ لە شانازی خەباتی ڕزگاریخوازی هەڵدەنەوە.

دیارە حیزبی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ٧ دەیە تێکۆشانی سیاسی خۆیدا بە پێی هەلومەرجی تایبەت بە هەر قۆناغێکی مێژوویی و بە خوێندنەوەی قووڵ و وشیارانە لە سەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و ڕووداوەکانی جیهان شێوازی خەباتی تایبەت و گونجاوی لە پێش گرتووە. لە نەورۆزی ٩٤ ی هەتاویدا بوو کە بە ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێی خەبات، لە ژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و بە مەبەستی گرێدانی خەباتی شار و شاخ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی، بە ژن و پیاو، پیر و جەوان، خوێندەوار و نەخوێندەوار بۆ بەشداری چالاکانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا بانگهێشت کرد و پاش ساڵانێک درێژەدانی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی ئەمجارە لە قاڵبێکی تردا و بە پۆتانسیێلێکی تازەوە بانگەوازی بۆ ئەو خەباتە کرد. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەمەیە بەرحەق و ڕەوا بوونی خواستی حیزبی دێموکرات و تەبابوونی نێوان ویستی حیزب و خەڵک وای کرد کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات خۆیان بە خاوەنی خەباتەکە بزانن و بە هەر چەشنێک کە بۆیان دەلوێ بەشداریی تێدا بکەن و لە بەرەوپێشچوونی ستراتێژیی گرێدانی خەباتی شار و شاخدا هەنگاوی کردەوەیی هەڵبگرن.

ژنان وەک هەمیشە بەبیرێکی ئاوەڵا و هزرێکی ژیرانەوە وڵامی بانگەوازی حیزبەکەی خۆیاندایەوە و لەم قۆناغەی خەباتدا بەشدارییان نواند، ئەوان بە ئیرادەوە هاتنە نێو ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شان بە شانی کوڕانی نیشتمان، چەکی شەرەف و کەرامەتیان لە شان کرد، بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزی نیشتمان سوێندی پێشمەرگایەتییان خوارد و هاوکات لە گەڵ پاراستنی حەز و خولیا ژنانەکانیان، لە سەنگەری بەرخوداندا شانیان دایە ژێر باری قورسی نیشتمان و بەهێز و تواناوە لەو خەباتەدا بەشدارییان کرد.

لە درێژەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا، پێشمەرگانە چوونە نێو دڵی جەماوەری خۆیان و بانگەوازی ئازادی و سەربەستییان بۆ کردن، هیوای مانەوەیان لە دڵی دایکی شەهیداندا زیندوو کردەوە و پەیامی نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان بۆ شارەکانی کوردستان برد و هێڵی بەتاڵبوونیان بە سەر بیرۆکە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە بەرانبەر بە خۆیاندا کێشا.

سەلمێنەری هێز و توانایان ئەو فرمێسکانە بوون کە شەوقی دیداریان خستیە نێو چاوانی خەڵکی تامەزرۆی ئازادی ڕۆژهەڵات و بە جەولەی سیاسی و نیزامی خۆیان نیشانیان دا کە حیزبی دێموکرات بە گوتار و بە کردەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕەوای کورد تێدەکۆشێ و هەمیشە لە خەبات دژ بە داگیرکەردا پێشەنگە و تا گەیشتن بە لووتکەی سەربەستی, ڕاسان دژ بە داگیرکەران درێژە پێ دەدات.

# کوردیکا، شاپەیڤی ڕەوتی فەرهەنگنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**شەریف فەلاح**

زیاتر لە یەک دەیە دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەسەر دەستی کۆمەڵێک نووسەر، توێژەر و شارەزای بواری فەرهەنگ، ڕەوتێکی گرنگ و بنیاتیی فەرهەنگنووسیی پسپۆڕی لە بوارە جیاجیاکان دەستی پێکردووە کە نیشانەی خەمخۆری و تێڕوانینی قووڵی ئەو توێژەرانەی کوردە بە بواری نووسینەوە و دارشتن و دانانی بەردی بناغەی قایمی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ لەو بەشەی نیشتمان.

خاڵی بەرچاو و جێگەی سەرنجی ئەم ڕەوتە پڕ گوڕوتینە لە وشەنامە و فەرهەنگنووسی، ئەوەیە کە هیچ ناوەند و دامەزراوەیەکی زانستی و فەرهەنگی پاڵپشتی ئەو نووسەر و توێژەرە دڵسۆزانە نییە و زۆربەیان لەسەر بنەمای هەست بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی و فەرهەنگیی خۆیان و لەوپەڕی بێ ئیمکاناتی و بێدەرەتانیدا ساڵانێکی تەمەن و کاتی بەنرخی خۆیان بۆ نووسینەوە و کۆکردنەوەی وشە و پەیڤی کوردی تەرخان کردووە. هەندێ لەو وشەدان و فەرهەنگانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان هاتوونەتە بەرهەم بریتین لە: فەرهەنگی زانستگەی کوردستان لە چوار بەرگ کە کۆمەڵێک نووسەر و توێژەر لەژێر چاودێری ماجید مەردۆخ ڕۆحانی و لەلایان توێژینگەی کوردستانناسیی زانکۆی کوردستان لە سنە چاپ و بڵاو کراوەتەوە، فەرهەنگی زارەکیی موکریان لە نووسین و ئامادەکردنی سەلاح پایانیانی، کە هەتا ئێستا هەشت بەرگی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، فەرهەنگی سێ بەرگیی کاوە لە نووسینی عەبدوڵا ئیبراهیمی، فەرهەنگی هەژیر لە نووسینی هەژیر عەبدوڵاپوور، و چەندان فەرهەنگی دیکە لە بوارەکانی زمان، ئەدەبی زارەکی، کشتوکاڵ، ژینگە، باڵندە و پەلەوەرناسی، خورد و خۆراک چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

ماوەی یەک مانگ زیاترە حەوت بەرگ (پیتەکانی ئەلف هەتا ج)ی وشەنامەی "کوردیکا" لە نووسین و ئامادەکردنی ڕێزدار ئاکۆ جەلیلیان، نووسەر و توێژەری بەتوانای دەڤەری کرماشان لە لایەن خودی نووسەر و وەشانگەی دیباچەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە و کتێبخانەی کوردیی پێ ڕازاوەتر کراوە.

لێرەدا بە کورتی هەندێ ئاماژە بە تایبەتمەندی و شێوازی لێکۆڵینەوە و خەسڵەتەکانی زانستنامەی "کوردیکا" دەکەم کە هەروەک نووسەر لەسەر بەرگدا ئاماژەی پێکردووە "بابەتی یەکەم"ی بەناوی "وشەنامە" هاتووەتە وەشاندن.

بەشی یەکەمی کوردیکا تەرخان کراوە بۆ "وشەناسی" کە کۆی ئەم کارە گرنگە نزیکەی ۳۰ بەرگ دەبێ کە لە ۳۴۰ هەزار وشە و لە ٦٧ هەزار لاپەڕە پێکهاتووە کە بەپێی ڕیزبەندیی ئەلفبێ، چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

ئەم دەورەیەی کوردیکا کە لە حەوت بەرگدا چاپ بوون، پێشتر بەرگەکانی یەکەم و دووهەمی لە ساڵی ۱۳۹٦ (۲۰۱۷) هاتوونەتە وەشاندن و ئێستا پێکەوە لەگەڵ پێنج بەرگی دیکە کە پێکهاتووە لە پیتەکانی (ئەلف هەتا ج) بڵاو کراونەتەوە.

بەپێی گەڵاڵە و میتۆدی ئەم زانستنامە پوخت و کامڵە (کوردیکا) پاش تەواوبوونی بەشی یەکەمی کە بریتییە لە وشەنامە، بەشەکانی دیکەی بۆ بابەتەکانی جوغرافیا و مێژووی کورد و کوردستان تەرخان کراوە. لەم بەشەدا توێژەر بە ڕوانگە و میتۆدێکی زانستیی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی، وشە و دەستەواژە و پەیڤەکانی لە بواری ڕەچەڵەکناسی، پێناسە کردووە و لێکی داونەتەوە و هاوکات وشەی هەڤبەریانی لە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی داناوە و گرنگتر لە گشت و خاڵی بەرچاوی ئەم وشەنامە ئەوەیە کە جیاواز لە فەرهەنگەکانی دیکە پەرژاوەتە سەر بنەما، ماکە و چاوگی وشەکان و لە بواری ڕێزمانیدا لێکی داونەتەوە و گەلێک زانیاریی خستووەتە ڕوو.

خاڵێکی دیکەی بەرچاوی کوردیکا فرەڕەهەندی و پەرژانە سەر شێوەزار و دیالێکت و زاراوە و بنزارەکانی زمانی کوردییە و هێنانەوەی وشەی هاوواتا و هەڤبەری لە شێوەزار و بنزاراوە و هاوکات زمانی فارسی ئەم فەرهەنگەی کردووەتە فەرهەنێکی جیاواز و جێی سەرنج کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوە و پەیجۆری زۆر بابەتی زمانەوانی و ژیاری. لەڕاستیدا زۆرێک لەو وشە و پەیڤ و دەستەواژانەی جەلیلیان لەم وشەنامەدا هێناونی، هەرکامەیان دەشێ سەرچاوەی کتاو، یان توێژینەوەیەکی فراوان بن.

ئەم کارە گرنگ و تاقەتپڕووکێنە کە لە ڕاستیدا لەنێو گەل و نەتەوەیل دیکە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەی لەم چەشنە، دامەزراوە و ناوندی تایبەتی پسپۆڕیی فەرمی بە دەیان فەرمانبەر و بە بوودجە و پلان و بەرنامەی کارییەوە بۆ تەرخان دەکرێت، لێ مخابن لای ئێمە نەتەنیا نووسەر و توێژەران پاڵپشتی ناکرێن، بەڵکوو دەیان کەند و کۆسپ و لەمپەڕیان بۆ ساز دەکرێت.

شێوازی کارکردنی کوردیکا، بە زۆری پشتی بە پێوەر و ستانداردە باوە جیهانییەکانی بیاڤی زانستنامەنووسی و زانستی زمانناسیی هاوچەرخ بەستووە و لە پێشگوتاردا وێڕای ئاماژە بە زەرووەرتی پەرژانە سەر گرنگیی زمانی کوردی (شێوەزاری پێوەر)، هاوکات باسی پێگە و پێکهاتەی زمانی کوردی و شێوەزار و دیالێکتە جیاوازەکانی ئەم زمانە و جوغرافیای ئاخێوەرانی لە هەر چوار بەشی نیشتمان کراوە.

لە بەشێکی دیکەدا بە شێوەی ڕیزبەندی ناو و ساڵ و شوێنی چاپ و کورتەیەک لە ناوەرۆکی ۱۳۰ فەرهەنگی کوردی خراوەتە ڕوو.

کوردیکا، لەڕاستیدا چەندان هەنگاو سەرترە لەو وشەدان و فەرهەنگانەی کە هەتا ئێستا نووسراون و هەروەک نووسەر لە وتاری پێشەکیدا بە چڕی باسی گرنگییەکەی کردووە، لەڕاستیدا شاپەیڤی فەرهەنگ و سەرەتای نووسینەوە و بەردی بناغەی دانیشنامە و ئەنسکلۆپیدیای فەرهەنگ و ژیار، مێژوو و جوغرافیای کوردستانە

کەمن ئەو کەسانەی لە گرنگی و بایەخی ئەم پرۆژە و کارە گرنگە بزانن، لە کۆمەڵگەی هەژاری کوردیدا دەگمەنن ئەو دڵسۆزانەی کە سەرمایە و ئابووریی خۆیان لە بواری گەشەدان بە فەرهەنگ و ژیاری نەتەوەییدا تەرخان دەکەن، لێ نووسەر و توێژەری خۆنەویست و نیشتمانپەروەر و ئاشقی پەیڤ و وشەی کوردی لە تۆرەمەی مامۆستا هەژار و زەبێحی، گیوی موکریانی و عەلائەدین سەجادی هێشتا هەن.

خاڵی بەرچاو و جێگەی سەرنج لە ڕوانگەی منەوە کە وەک شاپەیڤ لێی دەڕوانم، ئەم شاکارە گرنگە کە لە کەموکووڕی بەری نییە، شوێن و جوغرافیای نووسەری ئەم کتێبەیە کە ئەویش کرماشان و شابادی خاوەن ژیار و مێژووە، دەڤەرێک کە دوژمنانی زمان و نەتەوەکەمان ساڵانێکە بە دەیان پیلان و بەرنامە ئامانجیان تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی ئەو دەڤەرە گرنگەی نیشتمانەکەمانە. بەڵام خوڵقانی شاکارێکی لەم چەشنە لەلایەن کەسێک کە پەروەردە و گۆچکراوی کرماشانی هەرمان و ئیلامی دێرین و بناری پەڕاو و بیستوون بێت و بە بۆنی بەیبوونی مانیشت و پەیامی شابادی هەردەم هێژا پەروەردە کرابێ، زۆرێک لە خەونە گڵاو و پیلانە نەزۆکەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمانی کردووەتە بڵقی سەر ئاو و شۆڕشێکی مەزنە لەناو بۆسەی نەزانپەرستیدا. پێویستە نەوەی ئەمڕۆ و داهاتوو ئەم وانەیەی مامۆستا "ئاکۆ جەلیلیان" بکەنە سەرباشقەی ژیان کە باوەڕبەخۆبوون و سووربوون لەسەر بە ئەنجامگەیاندنی خەونە ڕەنگاڵەییەکان و ئاشقی نیشتمان و ژیاری خۆماڵی بەردی بناغەی بوونە.

مەگەر هەر خۆی بزانێ لە کاتە تەنیاییەکانی ژیاندا چەندە ماندوو بووە و چەندە ئاشقانە و دڵسۆزانە بەدەم نووسینەوەی ئەم کارە سەنگین و زەنگینەوە گینگڵی داوە، ئەم زانستنامە پڕ لە گەوهەرە وەک شاپەیڤ و دوڕێک لە کتێبخانەی کوردی دەمێنێتەوە و ناو و یادی کاک جەلیلی هێژا بۆ هەمیشە هەرمان و سەوز لە دیرۆکی نیشتمانی کورداندا دەدرەوشێتەوە.

ئاکۆ جەلیلیان لەدایکبووی ساڵی ۱۹۷۲ی شاری ئیسلامئاوای (شاباد)ی سەر بە کرماشانە و یەکێکە لە نووسەرە پێشەنگەکانی بووژانەوەی زمان و ئەدەبی کوردییە لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشانە و زۆربەی کارەکانی توێژینەوەی مەیدانین لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا. لە بەرهەمەکانی دەکرێ ئاماژە بکەین بە:

۱. فەرهەنگ باشوور: وشەنامەی کوردیی خوارین.
۲. زەڕینە و سیمینە /بەرگی یەکەم / پەند و ئیدیۆمی کوردی.
۳. زەڕینە و سیمینە /بەرگی دووهەم/ مەتەڵی کوردی.
٤. زەڕینە و سیمینە /بەرگی سێیەم/ هەڵبەستی فۆلکلۆر.
٥. زەڕینە و سیمینە /بەرگی چوارەم/ بیر و باوەڕ و ئەفسانە کوردییەکان.
٦. زەڕینە و سیمینە /بەرگی پێنجەم/ هەڵبەستی شین و شەپۆڕ و ئازیەتی کوردی
۷. ڕەنگامە / کورتە چیرۆکی کوردی
۸. ئاگر مەلووچ / ڕۆمان کوردی (یەکەمین ڕۆمانی بە زاراوەی کەلهوڕی)
۹. گەنجینەی شێوەزارە ئێرانییەکان، شێوەزارناسی پارێزگای کرماشان / بەرگی یەکەم
۱۰. تاریکخانە: ناسنامەیەکی نوێ بۆ مێژوویەکی کۆن / بەرهەمێک سەبارەت بە ناوی کوردی ئاواییەکانی کرماشان.
۱۱. فەرهەنگی کوردیکا: گەورەترین وشەنامەی کوردی (ئینسکلۆپیدیا). وشەنامەیەک لە هەموو زاراوەکان لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و هاوکات زمانەکانی ئینگلیزی و فارسیشی تێدا گونجێندراوە.

# حیزبی دێموکرات و سێ تایبەتمەندیی گرینگ

ئاگری ئیسماعیل نژاد

ئەم ڕۆژانە بەرەو ۷۳هەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران دەچین، تایبەتمەندی ئەو ڕێکخراوەیە کە دەکرێت لە بەستێنی مێژووی کوردستان گرینگی پێ بدەین چییە؟!

بەگشتی دەکرێت سێ تایبەتمەندی ڕوون و پڕبایەخ بۆ حیزبی دێموکرات لە بەستێنی مێژووی کوردستان دەستنیشان بکەین:

**یەکەم:**

زۆر جار ڕەخنەگرانی بیانی لێکدانەوەیان بۆ مێژووی شۆڕشی کوردستان، ئەوەیە کە لە کوردستاندا تەنیا "سەرهەڵدان هەیە"، بەو مانایەی کە هەرکات بۆشاییەکی دەسەڵات لە ناوەند ساز دەبێت، کورد داخوازی سیاسی هەیە و ئەگەر ئەو بۆشاییە نەبێت کورد هیچ داخوازییەکی نییە. لێرەدا ئەگەر مێژووی کوردستان لە ڕوانگەی سەرهەڵدانەوە سەیر بکەین، دەبێت بڵێین: خاڵی لاوازی شۆڕشی کوردستان نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان هێزی چەکداری شۆڕش لەبەرانبەر هێزی داپڵۆسێنەری دەسەڵاتدارە؛ ئەو هاوسەنگ نەبوونە وای کردووە لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستاندا، هێزی چەکداری دەسەڵاتی ستەمکار بڕیاردەری کۆتایی بێت؛ بە کوردی و بە کورتی دەسەڵاتی زاڵ بە چەک کوردستانی داگیرکردووە، واتە کوردستان لە ڕووی نیزامییەوە داگیر کراوە!

کەوایە سەرهەڵدان مانای ئەوەیە کە کوردستان ژێردەستەیە و کورد هەر دەرفەتێکی سیاسی بدۆزێتەوە بۆ ڕەوینەوەی ئەو ژێردەستەییە بەکاری دێنێ، بەڵام سەرهەڵدان ڕوویەکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شۆڕش لە بەستێنێکی فکرییەوە دەگۆڕێ بۆ قۆناغێکی هەستی بەو مانایەی کە لە قۆناغی سەرهەڵداندا، ئەوەی دنەدەری کۆمەڵگایە سۆز و هەستە نەک ماف و فکر.

حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەموو ڕاسان و کەوتنەکانی توانیویەتی شۆڕشی کوردستان لە قۆناغی سەرهەڵدانی تەنیاوە بخاتە قۆناغی شۆڕشی ڕێکخراو؛ واتە لە قۆناغی هەستەوە بیگوازێتەوە بۆ قۆناغی فکر و دەستەبەرکردن و پاراستنی بەرژەوەندی باڵا.

لە ئێستادا چ بۆشایی دەسەڵات لە نێو دەسەڵاتداری ستەمکاردا هەبێت و چ لەوپەڕی دەسەڵات دابێت، مافی نەتەوەی کورد وەک داخوازییەکی کۆمەڵایەتی_فکری و شۆڕشی کوردستان وەک ئەمرێکی واقیع لە گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوونی هەیە و کاراکتێرێکی نێو دۆخەکەیە.

**دووهەم:**

دژبەرانی کوردستان بە مەبەستی هێرش کردنە سەر مێژووی کوردستان، شۆڕشی کوردستان لە "جوغرافیای جیاواز" و لە "کات لێکپچراوە"دا هەڵدەسەنگێنن؛ بەو مانایەی کە دێن باس لەسەر شۆڕشی هەمزەئاغای مەنگور یان سمکۆی شکاک دەکەن یان بابەتی ڕووخانی دەسەڵاتداری ئەردەڵان تاوتوێ دەکەن، بەڵام هیچ کات ئەو شۆڕش و ڕووداوانە لە بەستێنی "کاتی یەکپاژ"و "جوگرافیای یەک وڵاتدا" کە هەر دووکیان تایبەتمەندی نەتەوەن، ناهێننە بەر باس، بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەو باسە دەبێت بڵێین: هێرشبەرانی سەر مێژووی کوردستان کۆی شۆڕشەکانی کوردستان کە لە ڕووی کاتەوە لە قۆناغی جیاواز و ناوچەی جیاواز کراون هەم بە دابەشکاری کاتی و هەم بە دابەشکاری ناوچەیی لێک هەڵدەپچڕن بەو شێوەیە دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە کۆی ڕووداو و شۆڕشەکان، مێژووی یەکپارچەی نەتەوەیەک نییە، بەڵکوو هەوڵی تاکەکەسی کۆمەڵێک "کەسی سەرەڕۆ"ن!

دووهەمین تایبەتمەندی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە بەری بەوە گرتووە شۆڕشی کوردستان بەسەر کات و ناوچەدا دابەش بێت و لەو ڕێگایەوە شۆڕش پچڕپچڕ بکرێت، حیزبی دێموکرات کە لە ئێستادا بەرەی سێ و چوار شۆڕشی تێدا دەکەن، وەک ڕێکخراوەیەک کات و جوگرافیای نەتەوەی کوردی پێکەوە گرێداوە. ئەو حیزبە لە ناوچەیەکی کوردستان دامەزراوە و پەلی بۆ هەموو ناوچەکان هاویشتووە و ئەو حیزبە بەرەیەکی کورد لە نێوەڕاستی سەدەی بیست دایمەزراندووە و بەرە بە بەرە تاکی کورد خۆی تێدا دیوەتەوە و ئەوەش وای کردووە کە هاوکات هەم دەسکەوت و توانایی بەرە جیاوازەکانی شۆڕش و هەم دەسکەوت و توانای ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو حیزبەدا یەک بگرنەوە و بۆ ئامانجی شۆڕشی نەتەوەی دێموکراتیکی کوردستان بەکار بهێندرێن.

**سێهەم:**

سێهەمین تایبەتمەندی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە شۆڕشی کوردستانی لە ئاڵۆزی ڕزگار کردووە، چوار دەسەڵات بەسەر کوردستاندا زاڵە و هەر کامە لە پارچەکانی لە قۆناغێکی جیاوازی شۆڕش و ڕزگاریدان و لە ڕووی ئەخلاقییەوە هیچ کام لە پارچەکان شۆڕشەکەیان سەرتر لە شۆڕشی پارچەکەی‌تر نییە؛ لە ڕووی ستراتێژیشەوە هەر پارچەیەک قووڵایی ستراتێژیکی سێ پارچەیەکی‌ترە.

کۆی ئەوانە وای کردووە کە تاکی کورد لە کوردستان بەردەوام لەگەڵ ئەو پرسیارە بەرەڕوو بێت کە لە "کەی" و لە "کوێ" دەبێت لە شۆڕشدا بەشداری بکات؟!

حیزبی دێموکرات ئەو پرسیارەی بۆ تاکی کورد وڵام داوەتەوە؛ ئەو دەڵێت کە بۆ هەر تاکێکی کورد کاتی شۆڕش ئێستایە و جوغرافیای شۆڕشیش پارچەکەی خۆیەتی.

ئەو تایبەتمەندییە وای کردووە کە حیزبی دێموکرات دەست لە کاروباری پارچەکانی‌تر وەرنەدات و وەک حیزبێکی کوردستانی پشتیوانی شۆڕشی کوردستان لە هەموو پارچەکان بێت.

ئەو سێ خاڵەی سەرەوە، سێ تایبەتمەندیی گرینگ و پڕبایەخی حیزبی دێموکراتن کە لە ۷۳ ساڵی ڕابردوودا لەسەری پێداگر بووە.

# ئەستێرەکانی گەلاوێژ



قۆناغی خەباتی کورد لە کوردستان تا دێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو ژوورتر دەچێ؛ ئەم ڕۆژەی " ژ. ک " دامەزرا و پاشان حیزبی دێموکرات لە دایک بوو و کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا یەکەم چەخماخەی تەشکیلاتێکی سیاسی و مۆدێڕن و کۆمارێکی دێموکراتیک نەک لە ئێران بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا تاقانە بوو.

ئەو ڕێکخراوەیە بوو بە سەرمەشقێک بۆ پارچەکانی تر و دۆزی کورد لە ناساندن و بەدواداچوونی شوناس و دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد بە دەستی خۆی دەستی پێکرد و لە پارچەکانی دیکەش بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆوە بینی و ئێستا بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ دۆزی کورد لە بە جیهانی بوون تێپەڕیوە و بەرەو دامەزراندنی کیانێک بۆخۆی هەنگاو دەنێ!

ئەو چەخماخەیەی لە ۲٥ی گەلاوێژی ۷۳ ساڵ لەمەوبەر لێدرا ئەوەندە تۆکمە و قایم و بیرمەندانە و بە پێویست و لە هەمان کاتدا لەسەر بناغەی بەرژەوەندی نەتەوەیی دامەزرابوو، کە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی کورد لە کوردستان دەستە دەستە فیداکاران و ڕێبوارانی بە ئەمەگی ئەم ڕێبازە گیانیان لە ڕێگای بەخشیوە و بوونەتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسۆی خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان.

لە قۆناغی دیکتاتۆرییەتی حەمەڕەزا شا و شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی، شۆڕشی گەلانی ئێران و دیکتاتۆرییەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و لەو دواییانەدا دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی کورد بە ناوی "ڕاسان" کە هیوادارم دوایین قۆناغی خەباتی کورد بێت بۆ ڕزگاری؛ لەم قۆناغەشدا ڕۆڵە بە ئەمەگ و فیداکارەکان و ڕێبوارانی ڕێبازی ڕزگاری کوردستان لە مەیدانی خەبات ئامادەن و سەخاوەتمەندانە گیانی شیرینیان فیدای ڕزگاری کورد و کوردستان دەکەن.

کڵپەی گەلاوێژە

گەلاوێژە ئاگرێکی خستۆتە دڵ لە قۆناغی ڕاسانیشدا کڵپەی دێ، شنۆ و پیرانشار و مەریوان و قەرەسەقەل و کۆساڵان و بست بەبستی کوردستان دەبێتە مەیدانی خۆنواندنی ڕۆڵەکانی گەل

دیسان گەلاوێژە!

دیسان ڕۆڵەکانی حیزب و گەل

دیسان لە شەوێکی گەلاوێژا، پۆلێک هەڵۆی تیژباڵ لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە ڕاسانی شاخەوە بەرەو مەکۆی ڕاسانی شار لە شەققەی باڵ دەدەن.

لەگەڵ خۆیان هەگبەی پڕ لە تاسەو ئەوین و خۆشەویستی نیشتمان و جانتای لێوڕێژ لە ئەمەگ و وەفاداری گەل و کۆڵەپشتی پڕ پڕ لە وره و هەست و ئیمان بەخۆ لە ڕێبازی سەربەرزی دا

مەخزەن مەخزەن بڕوا بەخۆ و بە دوارۆژی ڕوونی ڕزگاری

تەیار تەیار لەسەر دوندی هیوا و ئاوات بەرەو داوێنی ئۆقرەیی زیپک و زاکونی شار دایان دڕی شەوی تاریک و ئەنگوستەچاو، بە هەنگاوی قایم و بە سام. لەژێر سایەی چیا و ئەشکەوت و زەندۆڵان، سایەئاسا بەبێکسپە دەخوشین، لەسەر هەست و ئارام. بێخەبەر لە دەهۆی گورگەمێش و شەوپەرستان دەستەویەخە بەرقرمژنی ئاگری گەروو ماری بێخاوەنی تاریکستان دەبن! پشت وێکدەدەن، ئارام! لەسێ قۆڵان دەسڕێژی گوللەیان بۆ دێ. لە باکور و ڕۆژهەڵات و لای ڕۆژئاوا. دابەش دەبن، جوابی دەسڕێژ دەدەنەوە، هەڵیان دەنێن دەنکە دەنکە بە بڵێسەی گڕ ڕاویان دەکەن! بۆیە تۆپخانە دێتەگۆ! خەست خەست مەیدانی شەڕ دابێژ دەکەن.

شەڕی تۆپێ سکنینە لە سەنگەرا! لە سەنگەرا سێرە لە تاریکی دەگرن باسک و چیا و ئاسۆ و ئاسمان لە ژێر نیگای چاویاندا ئارام ئارام ڕەنگ دەگۆڕن. ئامانج هاوار دەکا پێخۆر بە گوللەکانەوە بکەن! دەنکێک دەبێ غەنیمی یەکێ بێ! خۆڕاگرن هەتا هەتاو موژدەی بەیان دێنێ، لە سێ باری شەو داین، ئەستێرەکان ڕێنومانە، گەلێک زۆرن. چاو تا چاو هەتەر دەکا!.

ئەوەی ڕاستی سەرمان گەلاوێژە. چاوی گەشتر لە جارانە موژدەی فێنکی و خۆشی و شکانی زەخت و زۆری تین و قینی لە گیرفانە. زۆر لەمێژە نەنگوتووە! لە ڕێبازیا پۆل پۆل ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ گەش و ڕووناک درەوشاون! ئێمەش ئەنگواین! کاروانکوژەمان ناسیوە، فریوی زەق و گرشی ڕواڵەتی ئەو ناخۆین. خۆ ڕاگرن ئەستێرەی بەیان هاتووە، کۆ و تەرازوو لە میزاجێ ڕاناوەستن وەکو ئێمە و شار جارێک دەستەملان و حەیامێکی لێکدابڕاون! بەڵام لێک گوم نابن لێک زیز نابن! بە دیار یەکا تەوافی گۆی زەوی دەکەن. شاخەوانە هاوار دەکا چاو چاو هەڵۆکانی لای ڕۆژهەڵات دڕیان بە دوژمندا مەیدان بەرفراوانتر بووە خۆڕاگرن ئەستێرەی ڕۆژێ هاتەدەر ئاخ ... ئەوەش شەفەقی سوور، سووری خوێنمان ئاسۆی ڕەنگاند.

وەرن ئێمەش خۆ بەدەستەوە نەدەین! تەنیا چل تیکەیەک ماوە بابین بە چل تیکە لە ئاسمان بە ئەستێرە. لە هەرد جیا بین و لە گەلاوێژ لە تەک گەلاوێژا گەلاوێژ با گەشتر بێ تیرۆژی گەلاوێژ، گەلاوێژ، گەلاوێژ.

# مستەفا هیجری: ئێمە ناتوانین ئازادی بەدەست بێنین، بێ ئەوەی ئامادەییمان هەبێت بۆ دانی بەهاکەی

**دەمەوێت لە حیزبی دێموکراتەوە دەست پێبکەم، ئێستا لە سەروبەندی ٢٥ی گەلاوێژ، واتە دوای ٧ دەیە بەسەر خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبەدا، پێگەی حیزبی دێموکرات لە کوێی رووداوە سیاسییەکان و هاوکێشەکاندایە؟**

پێشەکی سڵاو لە بینەرانی تیشک و پیرۆزبایی لە خەڵکی ئازادیخوازی کورد لە رۆژهەڵات دەکەم کە لە خەباتکردن بۆ مافی خۆیان هیچ کاتێک نەوەستاون. لە وڵامی پرسیارەکدا دەبێت بڵێم کە ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بکەین لە نێوان ئەوکاتەی حیزبی دێموکرات دامەزراوە (٧٣ساڵ لەمەوبەر) و لەو ئاڵوگۆرانەی لەو فاسیلە زەمانییەدا بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتوون و ئەو گیروگرفت و کێشانەی وەکوو ئینشعابەکان و تیرۆری رێبەرانی حیزب و زەخت و گوشارەکانی رژیمەکانی تاران (بە رژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییەوە) هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعییەتەی کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا سیاسەتی نێونەتەویی، ناوچەیی و دۆخی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکان و بە تایبەتی لە کوردستانی ئێراندا ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە و دوای ئەو هەموو گیروگرفت و لەمپەرانە کە لەسەر رێگای حیزبی دێموکراتدا هەبوون، بەخۆشییەوە ئێستاش حیزبی دێموکرات پێگەیەکی زۆر بەرزی لەنێو خەڵکی کورد بە گشتی و بە تایبەت لەنێو کوردی رۆژهەڵاتدا هەیە. حیزبێکە هەتاکوو ئێستاش جێگەی باوەڕ وهیوای خەڵکەکەیەتی و حیزبی دێموکراتیش بێگومان بە مەسئوولیەتی خۆی دەزانێت و لە هەموو کاتێکدا هەوڵیداوە و لە داهاتووشدا هەوڵدەدات لە رێباز و ویست و داخوازی خەڵکەکەی و رێبازی شەهیدەکانیدا خەباتەکەی درێژە بدات هەتا ئەوکاتەی کە بە ئامانجی خۆی دەگا کە ئازادیی خەڵکە. بۆیە من پێم وابێ ئێستا حیزبی دێموکرات لە پێگەیەکی قابیلی قەبووڵدایە بە نیسبەتی موشکیلات و گیروگرفت و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە کە ئیشارەم پێکرد.

**ئێستا دەبینین کە رەوتی رووداوە سیاسییەکانی ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە حەرەکەتدایە، ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لە کوێی ئەو هاوکێشانەدا جێتان گرتووە؟**

بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی ئەو پێشبینیانەی کە سێ ساڵ لەمەوبەر لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئێرانی کردبوو و قۆناغێکی نوێی لە خەباتی بە نێوی راسان راگەیاند، حیزبی دێموکرات پێش رووداوەکان کەوتووە. من پێموایە حیزبی دێموکرات زیاتر لەهەرلایەنێکی دیکە ئامادەیی هەیە بۆ پێشوازیکردن لەو ئاڵوگۆڕانە و بەرنامەی هەیە لە نێو خەڵکی خۆیدا. هیوادارم لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دێنە پێشێ، بتوانین بە یارمەتیی هەموو خەڵکی فیداکاری رۆژهەڵات بە ئامانجەکانی خۆمان کە دابینبوونی مافە نەتەوییەکانی گەلی کوردە، بگەین.

**باستان لە راسانی رۆژهەڵات کرد، وێڕای دانی نرخێکی یەکجار زۆر لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی رابردوودا، ئێوە تا چەندە توانیوتانە ئامانجی خۆتان بپێکن یان بە ئامانجتان بگەن؟**

کاتێک باسی تێچووی زۆر دەکەین، گومانی تێدا نییە کە لە خەباتدا لەدەستدانی یەک پێشمەرگەش بۆخۆی تێچوویەکی زۆرە، بەڵام کاتێک حیسابی ئەوە دەکەین کە گەلی کورد و حیزبی دێموکرات لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیاندا ئامادەی خەباتن و رێگەی خەباتیان گرتووەتە بەر بە بێ ئەوەی چاوەڕوان بمێنێتەوە کە رووداوەکان بە چ لایەکدا دەکەون، گومانی تێدا نییە کە دەبێت ئامادەیشی هەبێت بۆ قوربانیدان. ئەو قوربانیانە کە رەنگە زیاتریش ببن، بەهای ئازادین. ئێمە ناتوانین ئازادی بەدەست بێنین، بێ ئەوەی ئامادەییمان هەبێت بۆ دانی بەهاکەی.

لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ هەموو ئەو تێچوانەی کە بوومانە، راسان بەشێکی زۆری ئامانجەکانی پێکاوە، یەکێک لەو ئامانجانە کە زۆر گرینگ بوو بۆ ئێمە، ئەوە بوو کە بتوانین خەباتی شار و شاخ پێکەوە گرێ بدەین. حزووری پێشمەرگە لە وڵات لە لایەک و پێشوازی گەرمی خەڵک لە پێشمەرگەکان لە لایەکی دیکەوە، بە بۆچوونی من کەموێنەیە و خەڵک بە تەحەمولی هەموو تێچوویەک، ئامادەیە یارمەتی بکات. ئەوە یەکێک لەو دەسکەوتە گرینگانەیە کە راسان بەدەستی هێناوە و ئێمە هەوڵدەدەین، بەرنامەمان هەیە و کاردەکەین بۆ ئەوەی کە شار وەکو باسمان کردووە، ببێتە چەقی خەبات. لەو بارەوە زۆر چووینەتە پێشێ و من زۆر هیوادارم بە داهاتووی راسان. بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە زیاتر لە چاوەڕوانییەکانی کە من هەمبوو، ئەو دەسکەوتانەمان بەدەست هێناوە.

**بەڵام بۆچی لەو مەیدانەدا وەکوو حیزبی دێموکرات بەتەنیان، سەرەڕای ئەوەی کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش پێکهاتووە؟**

هەر حیزبێکی سیاسی بە نیسبەت خەبات لە رۆژهەڵاتدا بیرو بۆچوونێکی هەیە، ئەو جیاوازییەش بووەتە هۆی ئەوە کە حزووری پێشمەرگەکانمان بەشێوەیەکی هاوبەش لە رۆژهەڵاتدا نەبێت، بەڵام ئەمە نەبووتە هۆی ئەوەی کە نەتوانین وەک ناوەندێکی هاوکاریی سیاسی پێکەوە کار بکەین، لەو بوارانەی کە پێکەوە نزیکین و دەتوانین خەبات بکەین تاکوو ئێستا لەو بوارانەدا کار دەکەین، هیوادارم لە داهاتووشدا لە بواری حزووری پێشمەرگە بەشێوەیەکی هاوپەیمانی و بە هەماهەنگی بتوانین ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرین کە لەو هەلومەرجەدا زۆر گرینگە.

**کاک مستەفا پێشبینیتان بۆ ئەم وەزعە چییە؟ پێتان وایە کە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات، ئایا دەتوانین گەشبین بین بە ئاڵوگۆڕێک کە بە قازانجی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد بشکێتەوە؟**

ئاڵوگۆڕەکان لە ئێراندا زۆرجیدین. بەڵام ئەوەیکە ئێمە گەشبین بین بە داهاتوو، من مەسەلەکە ئاوا دەبینم بێجگە لەوەی گەشبین یا رەشبین بین، دەبێ کار بکەین بۆ ئەوەی رۆژهەڵات ببێتە هێز، کە ببو بە هێزی شوێندانەر، هەر ئاڵوگۆڕێک بێتە پێشێ، کورد حیسابی بۆ دەکرێت. بۆیە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی راسان ئەوەیە رۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر، ئێمە لە رابردوودا تەجروبەی ئەوەمان بەدەست هێناوە، ئەگەر هێز نەبین، حیسابت بۆ ناکرێ.

**ئێستا دەبینین کە دۆخی ئێران بەتەواوی ئاڵۆز بووە، لەلایەک گوشاری نێودەوڵەتی، تەحریمەکان و دۆخی ئابووری خەڵکی وەزاڵە هێناوە ،بۆیە دەبینین کە خۆپێشاندانەکان رۆژ بە رۆژ بەرینتر دەبن، پێتان وایە ئەو هەماهەنگییە لە نێو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی کوردەکاندا هەیە کە وەک ئاڵتێرناتیڤێک حیسابیان بۆ بکرێت لە ئێستادا یا جارێ دوورین لەوە؟**

ئێمە لە سیاسەتدا دەبێت واقیعبین بین، یەکێک لەو واقیعبینیانە ئەوەیە کە کورد ناتوانێ ببێتە ئاڵتێرناتیڤی حکومەت لە ئێراندا. وەکوو لە وڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، دەبێ ببێتە هێز، واتە هێزی شوێندانەر تاکوو لە داهاتوودا لەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێشبینی دەکرێت هەر گروپێک بێتە سەر حوکم، لەسەر هێزی رۆژهەڵات حیساب بکات. ئەگەر هێز بووین، ناچار دەبن گوێمان لێبگرن، و بە داخوازی گەلی کورد نەرمی بنوێنن. ئێستە ئێمە لە راستای ئەوەدا دەچینە پێشێ، بەڵام خودی ئاڵوگۆڕەکان بوونەتە هۆی ئەوە کە هەنگاوی باشتر بنێین. ئەوەی کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتووە و کۆمەڵێک لە ئەحزابی سیاسیی کورد لەوێدا پێکەوە هاوکاری دەکەین، ئەوە بۆخۆی هەنگاوێکی باشە. من پێموایە زۆرتر لە هەموو کاتێک خەڵک ئامادەی بەشداری لە خەباتە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، ئەمەش هەنگاوێکی باشە. ئێمە پێش رووداوەکان کەوتووین بە تایبەتی وەکوو حیزبی دێموکرات. من پێموایە کاری هاوبەش لەگەڵ حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی و هەروەها بەشداری زۆرتری خەڵک لە خەباتدا و گرینگیدان بە شار و وەجووڵە خستنی...، هەموویان ئەو نیشانانەن کە من پێموایە لەو ئاڵوگۆڕانەدا گەلی کورد لانیکەم بە بەشی زۆری مافەکانی خۆی بگات.

**پێوەندییەکی پتەو و بەردەوامتان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رێژیم و ئەحزابی سەراسەریدا هەیە، ئایا دوای چل ساڵ لە دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی پێتان وایە هیچ گۆڕانێک لە زیهنییەت یا مێنتاڵێتەی نەتەوەی حاکم و ئەحزابی دیکەی ئەو نەتەوەیەدا هاتووە کە خۆیان وەک ئاڵتێرناتیڤی رێژیم نیشان دەدەن؟. پێتان وایە کە گۆڕانێک لە زیهنییەتی ئەواندا بە نیسبەت نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەتایبەتی کورد هاتووەتە ئاراوە؟**

لەو راستایەدا ئاڵوگۆڕ زۆر زۆر کەمە، ئێمە نابێت وەکوو کورد حیساب لەسەر ئەوە بکەین کە ئەگەر ئەوانە لە حکومەتێکی دیکەدا دووبارە بێنەوە سەر حوکم، لەڕووی بیروباوەڕەوە رازی دەبن بە مافەکانی نەتەوەی کورد و هەروها باقی نەتەوکانی دیکە کە لەژێر زوڵم و ستەمدا بوونە. بۆیە ئەوەی کە عەرزم کردی، پێش لە هەموو شتێکدا دەبێت لەسەرهێزی خۆمان (مەبەستم هێزی کورد لە رۆژهەڵاتە) حیساب بکەین. ئەگەر ئێمە هێزێکی شوێندانەر بین ئەوانە گوێمان لێدەگرن. بۆیە ئێمە دەبێت لە رووداوەکاندا زۆرتر لایەنە مەنفییەکان لەبەرچاو بگرین، حیساب هەر لەسەر ئەوە نەکەین کە ئەو ئاڵوگۆڕانە دێنە پێشێ و حکومەتێک کە لە داهاتوودا دێتە سەرکار، ئیدی حکومەتێکی دێموکراتە و باوەڕی بە مافەکانی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ژێردەستە، نەخێر! ئێمە دەبێ ببینە هێز، ئەگەر بووینە هێز دەتوانین مافەکانمان بەدەست بێنین.

**بەڵام رەخنەگرانتان شتێکی دیکە دەڵێن! بەردەوام باسی ئەوە دەکەن کە ئێوە وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رێژیم بەردەوام بە ترس و شەرمەوە باس لە مافەکانتان و هەروها شێوازەکانی خەباتتان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا دەکەن، ئەمە تا چەندە راستە و ئەگەر راستە، بۆچی؟**

ئەگەر لەسەر حەدکا قسە بکەم دەتوانم بەراشکاوی بڵێم کە ئێمە لەگەڵ هیچ لایەنێکدا (چ ئێرانی چ غەیرە ئێرانی) نەمانویستووە بە جۆرێک قسە بکەین کە ئەو لایەنە پێی خۆشە، بەڵکوو ئێمە پێداگریمان کردووە لەسەر ویست و داخوازییەکانی خۆمان کە بەرەوا و حەقی دەزانین، چوونکە ئەو ویست وداخوازییانەی ئێمە نوێنەرایەتیی دەکەین، ویست و داخوازی خەڵکە. ئێمە حیزبێکی خەڵکین، خەڵک چی بیەوێت، دەبێت ئینعکاسی دەنگی خەڵکەکەمان بین و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا هیچ کات نەک بەشەرمەوە، بەڵکوو زۆر بەسەربەرزییەوە دیفاعمان لەو مافانە کردووە، رەنگە لایەنێک پێی خۆش یان پێی ناخۆش بێت، ئەوە بۆ ئێمە گرینگ نەبووە، گرینگ بۆ ئێمە ئەوە بووە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ئەرکی خۆمان بەڕێوە ببەین و وەک وتەبێژی خەڵک بەجواب بێین. لەو پێوندییەدا ئێمە خۆمان بە شەرمەزاری خەڵکەکەمان نازانین.

**کاک مستەفا ئێستا دوو بەرە لە ئۆپۆزیسیۆنی رێژیم لە دەرەوەی وڵات (موجاهدینی خەڵق و سەڵتەنەت خوازەکان) وەکوو ئاڵتێرناتیڤ خۆیان نیشان دەدەن یان ئیدعای ئەوە دەکەن و هەر یەکەیان پشتیوانییەکی رادەیی نێونەتەوەیی و تەنانەت لۆبیشیان هەیە. ئێوە لە کام لایەن زیاتر نزیکن یان کام لایەن ئەو کرانەوەی تێدایە کە لە داهاتوودا حیسابی لەسەر بکەن و بەهاوبەشی ئێران بەڕێوە ببەن؟ئێوە لە کامیان نزیکترن؟**

لە پێشدا دەمەوێت وڵامی ئەو بەشە لە پرسیارەکەت بدەمەوە کە لەباری نێونەتەوییەوە، نە موجاهیدین و نە سەڵتەنەتخوازەکان هیچ پشتیوانیەکیان نییە. ئەوەیکە ئەگەر سێناتۆرێکی ئامریکایی یان ئەندام پەرلەمانێک لە ئورووپا باس لە موجاهیدین یان سەڵتەنەتخوازەکان دەکات، بەمانای پشتیوانی نییە. وەکوو دەوڵەت هیچ کام لە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان و هەتا وڵاتەکانی دیکەش رایاننەگەیاندووە کە پشتیوانی لە خەباتی یەکێک لەوانە دەکەن. ئەوەیکە ئێمە لە کام لایەن نزیکین، ئێمە جیاوازی بۆچوونمان لەگەڵ هەردوو لایەن یەکجار زۆرە. لەگەڵ ئەوەیکە هەوڵمان داوە لەگەڵ ئەوانیش دانیشتنمان هەبێت و وەکوو دوو هێز کە لە ئێراندا هەن، بەڵام لە سەر مافەکانی کورد تاکوو ئیستا لەگەڵیان بە تەوافوق نەگەیشتووین. بەڵام ئەگەر موقایسەی نێوان ئەو دووانە بکەین، موجاهیدین ئیمتیازێکیان هەیە. کاتێک ئێمە پێکەوە هاوپەیمان بووین لە "شورای ملی مقاومت" لەساڵەکانی دوای رووخانی رێژیمی پەهلەوی، ئەوان گەڵاڵەیەک کە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرابوو، دوای باس و وتووێژێکی زۆر لە "شورای ملی مقاومت"دا مافی کوردیان وەکوو ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی ئێراندا بەرەسمی ناسییەوە، و لەو بوارەشدا بەڵگەی نوسراو هەیە، و تا ئێستاش موجاهیدین لە چەندین بۆنەدا دووپاتیان کردووە کە ئەوان هەروا وەفادارن بەو مافەی کە لەو گەڵاڵەیەدا بۆ کورد پەسەند کرابوو.

**کەواتە ئێوە خۆتان لەوان نزیکتر دەبینن تا سەڵتەنەت تەڵەبەکان؟**

لەو بەشەدا کە ئەوان موافەقەتیان بە مافەکانی کورد کردووە، بەڵێ لەوان نزیکترین.

**بەڵام ئێوە ئێستا درووشمی فیدراڵیزمتان هەڵگرتووە، ئەمە تا چەند دەتوانێت ئەو نزیکایەتییە دروست بکات یان زەمینەی دیالۆگی زیاتر لە نێوانتان دا برەخسێنێت؟**

بەڵێ، فیدراڵیزم کاتێک لە حیزبی دێموکراتدا پەسەند کرا کە "شورای ملی مقاومت" کۆتایی هاتبوو و ئەو گەڵاڵەیە تەسویب کرابوو. ئێمە لە پێوندی لەگەڵ مەسەلەی فیدرالیزم و داخوازییەکانمان دوای "شورای ملی مقاومت" تاکوو ئێستا باس و وتووێژێکمان لەگەل موجاهیدین نەبووە.

**بەڵام ئێوە تەنیا هەڵگری ئەو درووشمە نین، زۆربەی حیزبەکانی دیکەش هەمان درووشمیان هەڵگرتووە و تەنانەت بگرە زۆر زیاتریش چوونەتە پێش و هەندێکیان داوای سەربەخۆیی دەکەن، ئایا موجاهیدین ئەو کرانەوەی تێدا هەیە؟**

نا، من ئەو کرانەوەیە لە هیچ کام لە رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا نابینم، بەڵکوو ئێستا داخوازی گشتی کورد و رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد زۆرتر لە فیدرالیزمدا رەنگ دەداتەوە تاکوو سەربەخۆیی، فیدرالیزمیش تاکوو ئێستا لەلایەن هەندێک ئۆپۆزیسیۆنی فارسەوە نەبێت، پەسند نەکراوە.

**بەهۆی گوشاری نێودەوڵەتییەوە، هەروەها تەحریمەکان و دۆخی ئابووری و سیاسی خەڵک و زۆر هۆکاری دیکە، ئێستا رێژیم تووشی ترس و لەرزی زۆر بووە، بۆیە زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی باس لەوە دەکەن کە رەوتی رووخانی رێژیم دەستی پێکردووە، ئێوە پێشبینیتان بۆ ئەم دۆخە چییە؟**

ئێمە لە کۆبوونەوەیەکدا کە مانگێک لەمەوپێش لە رێبەرایەتی حیزبدا گرتمان، لەسەر ئەو وەزعیەتە قسەمان کرد، و دوای راپۆرتێک کە من پێشکەشم کرد، گەیشتین بەوە کە رێژیمی ئیسلامی ئێران لە پرۆسەی ئاڵوگۆرێکی جیدیدایە و بەرەو رووخان دەچێت. ئەو ئەقلییەت و سیاسەتەی کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی و لە چل ساڵی رابردوودا نیشانی داوە کە ئەوان زۆر لەوە لاوازتر و بێتواناترن کە بتوانن ویست و داخوازی خەڵکەکە، هەتا داخوازییە سەرەتاییەکانیان دابین بکەن. بۆیە رۆژ بەرۆژ ئەو گیروگرفتانە کەڵەکە دەبن و رێژیم بەرەو رووخان دەچێت، بەڵام لە واقیعدا خاڵی کۆتایی ئەو پرۆسەیە کە رووخانی رێژیمە، بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا لە نێو خەڵکی ئازادیخوازی ئێراندا کە نزیکەی ساڵێکە لەسەر شەقامەکانن، ئایا ئاڵتێرناتیڤێکی قابیلی قەبووڵ پێکدێت یا نا؟ ئەوە لە هەموو شۆڕشەکاندا زۆر زۆر گرینگە کە ئەو ئالتیرناتیڤە پێک بێت کە بتوانێت بە رەنگدانەوەی ویست و داخوازی هەموو گەلانی ئێران، بتوانن رێبەرایەتی شۆڕشێکی بەربڵاو لە سەراسەری ئێراندا بکات. من پێم وایە ئەگەر ئەو شۆڕش و خۆپێشاندانانە هەروا بە بەرفراوانییەوە بچنە پێشێ، وردە وردە ئەو ئاڵتێرناتیڤە پێکدێت.

**گوشارەکان رێژیمیان تەنگەتاو کردووە، بەتایبەتی تەحریمەکانی ئامریکا کە لە ١٥ی گەلاوێژەوە دەستیان پێکردووە، ئێستا باس لەوە دەکرێت کە رەنگە رێژیم ژەهرێکی دیکە بنۆشێت و تەسلیم ببێت، پێتان وایە رێژیم ئەو بژاردەیە هەڵدەبژێرێت یان نەخێر هەروا بەو کەلەرەقییەوە دەچێتە پێشێ؟**

بەپێی ناسیارییەک کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانمان هەیە و تەجروبەیەک کە لەماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا دیتوومانە، وای بۆدەچین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەمجارەش دێتەوە سەر مێزی وتووێژ و مەرجەکانی ئامریکا قەبووڵ دەکات. چونکە ئەگەر ئەو کارە نەکات، رێژیم ئەو حکوومەتەی بۆ ئیدارە ناکرێت و حکومەتەکە دەڕووخێت. مادام کە بزانێت دەڕووخێت، هەموو مەرجەکان قەبووڵ دەکات. هەروەکوو دیتمان لە شەڕی ئێران و ئێراقدا دوای دروشمێکی زۆر، وێرانی وڵات و خەسارەتێکی گیانی و ماڵیی زۆر بۆ خەڵکی ئیران، رێژیمی خومەینی جامی ژەهری شکەستی خواردەوە. لە رەوتی "بەرجام"دا کە دروشمیان دەدا لەگەڵ ئامریکا دانانیشن، ناچار بوون لە ژێر زەختی گەمارۆکاندا دانیشن و دواتر ئیمزایان کرد. ئێستاش بە بۆچوونی من لە ژێر زەختی ئەو گەمارۆیانەی کە ئامریکا زۆر بەجیدی خستوویەتە سەری و لە داهاتووشدا زۆرتر دەبن، رێژیم بە چۆکدا دێ و جارێکی دیکە وتووێژ و مەرجەکانی ئامریکا قەبووڵ دەکەن.

**باشە قەبووڵ کردنی ئەو مەرجانە بەواتای چی دێت؟ ئایا لەسەر حیسابی گەلانی ئێران و مافی مرۆڤ و دەست ئاوەڵابوونی رێژیم لە ناوخۆ و دەستبەسترانی لە ئاستی دەرەکیدا دەبێت؟**

ئەو مەرجانەی کە هەتا ئێستە ئامریکا رایگەیاندووە بۆ وتووێژ لەگەڵ رێژیمی ئێراندا، ١٢ مەرجن کە یەک دوو مەرجیان پێوەندییان بە نێوخۆی ئێرانەوە هەیە. وەکوو ئەوەیکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت مافی مرۆڤ بپارێزێت و ژیان و بارودۆخی خەڵکی باشتر بکات، ئەوانە مەسایلێکن کە رێژیمی ئیسلامی ئێران پابەند دەکات. من ناڵێم کە رێژیم لە نێوخۆدا هەمووی ئەوانە بەڕێوە دەبات، بەڵام ئەوەندەی کە رێژیم لە بەرامبەر ئامریکادا پاشەکشە بکات، نفووزی لە ناوچەدا کەم دەبێتەوە و لە ئێراندا زیاتر دەکەوێتە ژێر فۆکوس و دیدی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە، بۆیە مەیدانێکی گونجاوتر بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد و باقی ئازادیخوازانی کورد و نەتەوەکانی دیکە پێکدێت کە ئەوەش بۆخۆی هەنگاوێکە بەرەوپێش. مەبەستم ئەوەیە کە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەگەر ئەو داخوازییانە قەبووڵ کران، ئیدی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێت یان دەبێتە رێژیمێک کە ئێمە چاوڕوانیمان لێی هەیە، بەڵام هەر هەنگاوێک کە رێژیم پاشەکشە بکات یان پاشەکشەی پێ بکرێت، هەنگاوێک بۆ خەبات و تێکۆشان زیاتر دەچێتە پێشێ.

**هەر لەو پێوەندییەدا دەوترێت کە رێژیم بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی خۆپێشاندەران و دوورخستنی خەڵکی لە سەر شەقام، و گەڕاندنەوەی بە قەولی خۆی ئاسایش و ئەمنییەت بۆ رێژیم، دەیەوێت "ئیسلاح تەڵەبەکان" بە تایبەتی کەڕووبی و مووسەوی وەک ئاڵتێرناتیڤ بێنێتە مەیدان، پێتان وایە ئەوە چەندە ئیمکانی هەیە؟**

بە دووری نازانم کە ئەو کارە بکات! لەبەر ئەوەیکە رێژیمی ئیسلامی نیشانی بدات خەڵکەکە یەکگرتوویە و ئەو کێشەیەی نێوان ئوسوولگەراکان و ئیسلاحتەڵەبەکان کەمبکەنەوە، مومکینە ئەو کارە بکات، بەڵام ئەوە شتێک لە ماهییەت و نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی ناگۆڕێت، چونکە ئیسلاح تەڵەبەکان بۆخۆیان پشتیوانی رێژیمن و ئەوان رێژیمپارێزن و هەموو فیکر و ئیدەیان ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بپارێزن. دەغدەغە و نیگەرانی "ئیسلاح تەڵەبەکان" ئەوەیە کە ئەوانیش لە دەسەڵات، ئەو تاڵان و گەندەڵییانەی کە سەرانی رێژیم هەیانە و بۆ خۆیان هەندێ دوور کەوتوونەتەوە، تێیدا بەشدار بن.

**کەواتە هیچ فەرقێکیان نیە؟** بەڵێ لەبواری بیر و باوەڕەوە هیچ فەرقێکیان نییە و ئەوەیان نەشاردۆتەوە، کەوابوو هاتنەوی ئەوان تەئسیرێک لەسەر وەزعیەتەکە بە قازانجی خەڵکی ناکا. بەڵام مەسەلەیەکی دیکە کە زۆر گرینگە لە بیرمان بێت، ئەوەیە کە ئێستا وەکوو سەرەتای دروستبوون و پێکهاتنی ئیسڵاحتەڵەبەکان نیە، ئێستا لە واقیعدا پێگەیەکان نیە، خەڵکی ئێران لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا بەدەیان جار بە ئاشکرا لە شەقامەکان باسی ئەوەیان کردووە و درووشمی ئەوەیان داوە کە دەورانی "ئیسلاح گەرا و ئوسووڵ گەرا"کان تەواو بووە. ئێستا کەس باسی "ئیسلاح تەڵەب" ناکات، هەتا ئەگەر زەمانێک گرتنی کەڕووبی و مووسەویش ببوو بە بەحسێکی گرینگی رۆژ لە نێوخۆی ئێراندا، ئێستا کەس باسیان ناکات. من پێم وایە ئەوەی ئێستا خەڵک داوای دەکات، گۆڕینی دەسەڵاتی رێژیمە و بێجگە لەوە بە شتێکی دیکە رازی نابن. لەبەر ئەوەیکە خەڵک لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا هەموو شتێکیان لەگەڵ ئەو رێژیمە تاقی کردەوە و بۆیان دەرکەوت کە ئەو رێژیمە درۆزنە، گەندەڵە و ویستی خەڵک لەبەرچاو ناگرێت، بۆیە تەنیا رێگایەک کە دۆزیویانەتەوە و بە حەق بۆ ئەوەی کە لەو ژیانە سەختە رزگاریان ببێت، لاچوونی رێژیمە.

**کاک مستەفا لە کوردستان چ باسە، بە راستی رێژیم خەریکی چ سیناریۆگەلێکە، باستان لە خۆپێشاندانەکانی یەکساڵی رابردوودا کرد کە خەڵک لەسەر شەقامن، بەڵام کوردستان لەو پێوەندییەدا تا رادەیەک بێدەنگە، بۆ چی و کەی کەی دێتە سەر شەقام و وەجووڵە دەکەوێت؟**

من پێموایێ کە ئێستا کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر ئامادەیە بۆ پشتیوانی کردن لە خەبات. بە هەمان شێوە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانیش ئامادەییان زیاترە. بەڵام بۆ نایەتە سەر شەقام، بە بۆچوونی من جارێ کورد نیگەرانە لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دێنە پێشێ لە ئێراندا و بە نیسبەتی مافەکانی گەلی کورد چ روو دەدا، بەڵام ئەوە بە مەعنای ئەوە نییە کە کورد بێدەنگە و کاری بە ئێران نییە، من پێموایە ئامادەیە و لە کاتی پێویستدا زۆر باشتر و بەربڵاوتر لە بەشەکانی دیکەی ئێران دێنە سەر شەقام و مافەکانی خۆیان دەخوازن.

**وەکوو کورد دەتوانین گەشبین بین بەوەی کە دوای ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە ئێراندا، گەلی کورد وەکو شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران پەراوێز ناخرێت؟**

من زیاتر لە گەشبینی، قسە لە سەر هێز دەکەم. ئەگەر هێز بین، واتە هێزێکی شوێندانەر، کەس ناتوانێت پەراوێزمان بخات، کەس ناتوانێت دووبارە ئەو چارەنووسەمان بۆ دیاری بکات کە لە گۆڕانی رێژیمی شادا هاتە پێشێ. بۆیە زۆرتر لەوەی باس لە گەشبینی بکەین دەبێت باس لەوە بکەین کە ببینە هێزێکی شوێندانەر، مەبەستم تەنیا حیزبی دێموکرات نیە، بەڵکوو رۆژهەڵات بە گشتییە، رۆژهەڵات مەبەستی ئێمەیە و دەتوانێت ببێتە هێزێکی یەکجار زۆر شوێندانەر چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە ناوچەکەدا.

**لەو ماوەیەدا جەنابت بە رەسمی بانگهێشتی ئامریکا کرای، پێم خۆشە باس لە پێگە، سەنگ و قورسایی گەلی کورد و هەروها حیزبی دێموکرات لەدیدی کاربەدەستانی ئامریکاوە بکەیت، ئایا ئاڵوگۆڕێک بەسەر روانینی ئەواندا هاتووە؟**

هەر ئەوەی کە حیزبی دێموکرات بە شێوەی رەسمی لە لایەن دام و دەزگاکانی بەستراو بە حکومەتەوە بانگهێشت دەکرێت، ئەوە نیشان دەدات کە حیزبی دێموکرات جێگە و پێگەی خۆی هەیە لە سیاسەتی ئامریکادا و من پێم وایە ئەو جێگە و پێگەیە لە داهاتوودا زیاتریش دەردەکەوێت. دەتوانم بڵێم ئەو بانگهێشتەی ئەمجار و سەفەری من بۆ ئامریکا، جیاوازی زۆری هەبوو لەگەڵ ساڵانی پێشوو وهەست دەکەم کە ئەوان زۆرتر کورد و خەباتی کوردیان لە ژێر فۆکوس ونەزەردایە و تەعقیبی دەکەن بزانن چ روو دەدا و کێ لەو مەیداندا کار و چالاکی دەکات بۆ ئەوەی بۆ داهاتوویەکی روون کە هێشتا بڕیاریان لەسەر نەداوە، بتوانن حیسابی لەسەر بکەن.

**کەوایە بە کۆی ئەو لێکدانەوە و هاوکێشانە دەتوانین گەشبین بە داهاتووی خۆمان؟**

نیشانەی یەکجار زۆر هەیە بۆ گەشبینی، ئەو گەشبینیەش بەشێکی زۆری لە وشیاری خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتدا دەبینم. خەڵکی کورد لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و زۆر، جیاوازیدانان، فشار و کوشتن و زیندانە کە لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لەسەریانە و رێژیم پێی وابوو بە چۆکیاندا دێنێت، بەڵام ئێستا دەبینین لە هەموو کاتێک زیندووترە. ئەو نیگەرانییەی کە خەڵک بە نیسبەت حیزبەکانی رۆژهەڵات هەیانبوو کە رەنگە دووبارە کێشە و بەرخورد لە نێوانیاندا پێک بێت، بە خۆشیەوە نیشانماندا کە لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتدا ئێمە لێک نزیک دەبینەوە و پێکەوە هاوکاری دەکەین و لە داهاتوودا دەتوانین هەنگاوی زیاتریش بەرەو پێش بهاوێژین. رێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو تەمەنی خۆی، مەشرووعیەتی لەدەستداوە هەم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. لە بواری ئابوورییەوە تێک رووخاوە، بە تەجروبە نیشانی داوە کە بەو عەقڵییەت و سیاسەتە شایانی حکومەتداری نییە. بۆیە من لە هەموو کاتێک زیاتر گەشبینم و پێم وابێ لە داهاتوودا ئاڵوگۆڕەکان زۆر بە قازانجی هەموو ئازادیخوازانی ئێران بەتایبەت گەلی کورد لە رۆژهەڵاتدا دەبێت.

**کاتمان نەماوە، دوا وتەتان وەک لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؟**

رووی قسەی من لە خەڵکی تێکۆشەر و فیداکاری کوردستانە کە بەو پێشوازییە گەرم و گوڕەی کە لە پێشمەرگە دەکرێ وەکوو رۆڵەکانی خۆیان، و لە لایەکی دیکەشەوە وەکوو شاخ بەهێزترین پشتیوانی جوڵانەوی خەڵکن لە شارەکان، من لەو پێوەندییەدا نازانم بە چ زمانێك سپاسییان بکەم و ئەوە بە نیشانەی وشیاری ئەوان دەبینم و ئەوەیان پێدەڵێم کە ئەو پێشوازییە گەرمە و ئەو بەشدارییە لە خەباتی شاخ و شار کە پێکهاتووە، ئێمە وەک حیزبی دێموکرات موتەعەهێدتر دەکات بە ئامانجی خەڵکەکەی. پێم خۆشە لەو دەرفەتەدا پێیان بڵێم کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە وەفاداری خۆی بۆ رێبازی شەهیدەکانی و بۆ رێبازی ئەو خەڵکە فیداکارە و داخوازییەکانیان نوێدەکاتەوە و هەروەک رابردوو لە گەڵیانین لە خزمەتیانین و پێکەوە بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانمان دەچینە پێشێ.

# شێعرێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هێمن موکریانی کە بەم دواییانە لەلایەن بەڕێز "سەلاحەددین ئاشتی" یەوە بڵاو کراوەتەوە کە هی سەردەمی کۆمەڵەی "ژ.کاف"ە و لە وەسفی "وەتەن" هۆنراوە.

## وەتەن

هەمیشە تەوئەمی ئەندووە و هەمسەری میحەنم
ئەماوە قووەتی ئەژنۆ و تاقەتی بەدەنم

***

نییە تەفاوەت و فەرقێک لە بەینی کوند و منا
منم کەلاوەنشین و کەلاوییە وەتەنم

***

لەگوێن بەهەشتە وەتەنیان ئەوانی پێدەکەنن
کەلاوییە وەتەنی من، ئیرادە پێبکەنم

**

ڕەفیقی کوندی کەلاوەنشین ببم حەیفە
ئەمن کە هەمدەم و ئاواڵی بولبولی چەمەنم

**

مەڵێن خەرابوو ئورووپا و ئاسیا، چ بکەم
وەتەن خەرابە، چ دەربەستی "بیرلەن" و "پیکەن"م؟

**

لە عیشقی تۆیە وەتەن، ئەی وەتەن کە وەک فەرهاد
بە نووکی تیشەیی خۆم بێستوون هەڵدەقەنم

**

خوایە یارمەتیم دە، ئەمن خەریکی ئەووەم
نەمامی دووبەرەکیی کورد لە ڕیشە هەڵبکەنم

م. ش. هێمن، بانەمەڕی ١٣٢٢ / ١٩٤٣


هەمیشە تەوئەمی ئەندوهو هەمسەری محەنم ئەماوە قووەتی ئەژنومو طاقەتی بەدەنم
نیە تەفاوەتو فەرقێك لەبەینی كوندومنا منم كەلاوە نشینو كەلاوەیە وەتەنم
لەگوین بەهەشتە وەتەنیان ئەوانی پێدەكەنن كەلاوەیە وەتەنی من ایرادە بێ بكەنم
ڕەفیقی كوندی كەلاوە نشین ببم حەیفە ئەمن كە هەمدەمو آوالی بلبلی چەمەنم
مەلێن خەرابو اروپا و آسیا چبكەم وەتەن خەرابە چە دەربەستی ... لەنو بكەنم
لەعشقی تۆیە وەتەن: ئەی وەتەن كەوەك فەرهاد بەنوكی تیشەیی خوم بیستون هەلدەقەنم
خوایە یارمەتیم دە ئەمن خەریكی ئەوەم ئەمامی دو بەرەكی كوردلە ریشە هەلبكەنم
م. ش. هیمن - بانەمەڕی ١٣٢٢

# لووتکەی گەلاوێژ


چیاکۆ- مەهاباد

سەدەیەک بە هێمنی لاپەڕەکانی مێژوومان هەڵدەداتەوە و من لە سەر لووتکەی گەلاوێژ دەوەستم، بەشکۆوە دەڕوانمە ڕابردوو و لەداهاتووەوە دێمەوە، دەزانم ئەمجارەش نەوەکانی ڕاسانی ئەم خاکە دەبنەوە بە ئاڵا و لە بەرزایی هەر چیایەکی نیشتمانە خاکی پۆشەکەمدا شەکانەوە لە شکۆی شانازی دیموکراتدا هەڵدەکێشن.

دەزانم ئەمجارەش هەر ئێمەین دەبینەوە بە سەنگەر بۆ شاخ و بە چیا بۆ وڵات.

ئێستاکەش کە دەنگی چریکەی شەوانی کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات بە نەرمە هەنگاوی هێمنانەی پێشمەرگەدا سروودێک لە شۆڕش بە گوێی ئەویندارانی لادێکانی ئەم نیشتمانەدا دەچرپێنێت تا هیوای شاخ بخاتەوە دڵی شارەوە، لە شاریشەوە تەوژمێک لە هیوا خۆی دەخاتە باوەشی بەیان و سپێدە بە هەناسەی گەرمی پێشمەرگە ڕۆژ دەکاتەوە.

ئێمە لوتکەیەکین لە ڕاسان، لە بەهارێکی سەوزتر لە هەمیشەی پێش ئەمکاتانەوە سەرمان بە سەری بەرزی ئاسماندا هەڵبڕی و ئەوینی شاخ و شارمان پێکەوە گرێدا.

دەزانین دووبارە ڕاسان و هەڵچوون بە شاخ و زناری وڵاتدا، تەنیا لە باوەڕێکی دێموکراتدا سەرهەڵدەدا و تەنیا لە ڕێبازێکی پتەودا دەمێنێتەوە. تەنیا شەهیدە دەتوانێت بەخشەندەیی بخاتەوە دەستە ماندووەکانی وڵاتم و لە چاوەڕوانی چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی دایکانی ئەم نیشتمانەدا ببێتەوە بە ڕق. هیوا بە داهاتوو شین بکات و بۆ خەباتیش نەوەیەکی نوێ لە داوێنی ئەم خاکەدا پەروەردە بکات.

ئەم کاروانە ٧٣ ساڵە بەبێ وەستان ڕێ دەکات و بە بێ وەستان هەڵدەزنێ و بە بێ وەستان سەرهەڵدەداتەوە. ڕادەپەڕێ و سەرلەنوێ لە بەرگی ڕاساندا دەژییێتەوە. ئەم کاروانە ناوەستێ و ئێمەش ناوەستین، ئەو دەڕوات و بۆ داهاتوویەکی پڕ لە سەربەرزی پێشمان دەکەوێ.

بۆ هەستانەوەیەکی تر و هاتنەوەیەکی تر و شانازییەکی تر دەستمان دەگرێت و لە باوەشی ئەم خاکە بە گوڵاڵە ڕازاوەی شەهیددا، مژدەی سەرکەوتنێکیترمان بۆ بەدیاری دەهێنێت.

سەدەیەک بە هێمنی چاوەڕێمان دەکات و من لەسەر لوتکەی گەلاوێژدا وەستاوم.

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No:732 22 Aug. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران





















